


## حەسەن جاف:

## بۆ کاری ئەدەبی، کەڵکم لە خوێندنی جوگرافیا وەرنەگرتووە.. هەوڵیشم داوە ئەوەندەی پێم دەکرێ وەرگێڕانەکانم جوان بن.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(١ - ٣)**

* حەسەن عەباس بەهرام جاف، کە لەناو خەڵکیدا بە حەسەن جاف ناسراوە، کۆمەڵێک چیرۆک و هەندێ نۆڤلێت و ڕۆمانی نووسیوە، نووسەر، ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ، ڕەخنەگر و لێکۆڵەر بووە. کەسێکی نەتەوەیی و کوردپەروەر، کوردێکی سادەلەوح و خاکەڕا، عاشق و دێوانەی کوردستان بوو، تا ئەم ساڵانەی دوایی (واتە پێش مردنی)، هەمیشە کەسێکی پاکوتەمیز و ڕێکپۆش دەهاتە بەرچاو، کەسێکی پۆشتە و پەرداخ و ڕیشتاشراو، چاکەت و پانتۆڵی لەبەر دەکرد و بۆینباخی دەبەست، قژێکی خاو و پڕی هەبوو، کەسێک بوو هەمیشە بە دەنگ و تۆنێکی بەرز قسەی دەکرد، کە گەرم دەبوو، خێراخێرا وشەکان وەک بەڕوو لە دەمی دەهاتنەدەر و دەتەقینەوە، هەرچەندە لەوەتەی دیومە و ناسیومە، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان بە جلی کوردییەوە نەکەوتووەتە پێش چاوم، بەڵام وەک کەسێکی دڵسۆز و خەمخۆری کورد و داکۆکیکار لە کوردستان و نەتەوەکەی و شارەکەی دەردەکەوت.

* حەسەن جاف، بە ڕەچەڵەک کوڕی کەرکووکە، لە گەڕەکی (ئازادی) و (تەپەی مەلا) فامی کردووەتەوە و منداڵیی خۆی بەسەر بردووە، شاری کەرکووکی زۆر خۆش دەویست، زیاتر وەک ڕۆژنامەنووس و نووسەر و وەرگێڕێکی کەرکووکی دەناسرا، چونکە کەرکووکییەکی ڕەسەن بوو، کەرکووک و ڕۆحاوی کەرکووک بە ناو ناخ و دڵ و دەروون و گیانیدا چۆڕابوونەوە و چووبوونە خوارێ. ئەو بۆی دەگێڕامەوە چۆن منداڵیی خۆی لە گەڕەکەکانی ئازادی و تەپەی عەبدوڵڵا بەسەر

بردووە، باسی دەکرد چەند ژیانێکی پڕ دەردەسەری ژیاوە و چۆن گەورە بووە، یان چەند منداڵییەکی پڕ ئازاری گوزەراندووە، خۆی دەیگوت بە منداڵی، تا گەورەش بووە خراپترین ژیانی هەبووە. جارێ لە تەمەنی (٨) مانگیدا دایکی کۆچی دوایی کردووە، دوای (٤) ساڵ، باوکی ژنی هێناوەتەوە، ئەو ژنەی لە پیاوێکی دی دوو کچی هەبووە، بۆیە دەڵێ ئەگەر خەڵکی باوەژنێکی هەبووبێ، ئەوە من (٣) باوەژنم هەبووە، هەرچەندە باوەژنەکەی زۆر لەگەڵی خراپ بووە، بەڵام دەڵێ لەوەدا بەختم هەبوو کە کچە گەورەکەی ئەو باوەژنە لەگەڵی باش بووە.

* کاتێک باوکی کۆچی دوایی کردووە، لە پۆلی (٤)ی سەرەتایی بووە، بۆیە کەوتووەتە لای نەنکییەوە، ئیدی ئەو نەنکەی بە مەمرە و مەژی، بە نانکەریی ماڵان بەخێوی کردووە، وەرە تۆ لەو ژیانە سەختەدا بژی، بە نەبوونی و کولەمەرگی ژیانت بەسەر ببەیت، لەولاشەوە لە تەمەنی لاوێتیدا تووشی شێرپەنجە بیت، ئەگەر بەرانبەر بەو دەردە نەگریسە خۆڕاگر و کەڵلەڕەق و عیناد نەبوایە، ورە بەرز و گیانی ئالەنگاری و تەحەدای تێدا نەبوایە، ئەوە قەت نەیدەتوانی بەسەر نەخۆشییەکەیدا زاڵ بێ و هەرگیز بەسەریدا سەرنەدەکەوت، ئەی ئەوە بەدبەختی نەبێ، نەگبەتی چۆنە؟ سەرەڕای هەژاری و دەستکورتی و بێ دایک و باوکی، تووشی ئەو نەخۆشییە مەترسیدارە بیت و بە سەلامەتی لێی دەرچیت.

* نەنکی کە بە نانکەریی ماڵان بەخێوی کردووە، ئەو نەنکەی بەو نەخوێندەوارییەی خۆیەوە، بەو هەموو ئەرکەی لەسەر شانی بووە و لە پێناوی نەوەکەی کێشاویەتی، کەچی زۆر حەزی کردووە مەکتەبە گەورەکە، کە مەبەستی لە زانکۆ بووە، لە بەغدا تەواو بکات، بۆیە وێڕای هەژاری و دەستکورتی و بە هاندانی ئەو نەنکەی کە وەک خدری زیندە بۆی پەیدا


ئازاد عەبدولواحید ــ حەسەن جاف

بووە، بە نەبوونی و نەخۆشی، دەستبەرداری خوێندنەکەی نەبووە، ئافەرین، هەزار جار ئافەرین بۆ ئەو نەنکەی کە تا تەواوکردنی (مەکتەبە گەورەکە)، پشتیوانی بووە و کۆڵی نەداوە، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان گوێی لە قسەی کەس نەگرتووە و پشتی نەوەکەی بەرنەداوە، هەچەندە زۆر کەس سەریان کردووەتە سەری کە با نەوەکەت واز لە خوێندن بهێنێ و خەریکی کار و کاسبی، یان فێری سنعاتێک بێ، بەڵام ئەو نەنکەی قسەی ئەوانەی نەبیستووە و لەسەر قسەی خۆی سوور بووە کە هەر دەبێ مەکتەبە گەورەکە تەواو بکات.

* حەسەن جاف، سەرەتا لە کەرکووک خوێندنی سەرەتایی، لە قوتابخانەی (خالیدیە) بە زمانی عەرەبی خوێندووە، دواتر چووەتە ناوەندیی موسەڵڵا و (٥)ی سانەوی (دوا ناوەندی) لەوێ تەواو کردووە، چونکە ئەوسا لە جیاتی (٦) ساڵ، بە (٥) ساڵ سانەوی دەخوێنرا، بۆ خوێندنەکەشی هەر بەپێ لە کەرکووکەوە چووەتە (بەشیر)، لەوێ نان و ماستاو، یان نان و چایەکی خواردووە، بەو کولەمەرگییە (٥)ی سانەوی تەواو کردووە و چووەتە زانکۆ و لە بەغدا درێژەی بە خوێندنەکەی خۆی داوە، واتە دواجار مراز و خەونی نەنکی هێناوەتە دی. ئەو دوو خاڵی هەبووە و هاتوچۆی ماڵی خاڵێکیشی کردووە

کە ناوی (مەلا ئەحمەد)ـە و زۆریش لەگەڵی باش بووە، بەڵام نەنکی نەیهێشتووە بچێتە لای کەسیان.

* ئەو نەبوونی و دەستکورتی و ژیانە سەختە، کاریگەری زۆری بەسەر ژیانییەوە بەجێهێشتووە، وەک خۆی دەڵێ: (گرێیەکی دەروونیی زۆر گەورەی لەلای بەجێهێشتووە)، سەرەڕای نەبوونی دایک، کە بۆشاییەکی گەورەی لە ژیانیدا دروست کردووە، لە سۆز و میهرەبانی باوکیشی بێبەش بووە، بۆیە سەیر نییە وەک کەسێکی توندە تەبیعەت و زبر و تووڕە و هەندێ جار هەڵەشە دەرکەوێ، کە کەسێک نەبووبێ سۆز و میهرەبانی لەگەڵی بنوێنێ و لە خۆشەویستی بێبەش بووبێ، بێگومان ئەویش لەگەڵ دەوروبەرەکەی توند و ڕەق و زبر دەردەچێ. ئەو هەر لە هەڵسوکەوتی ژیانی ئاسایی خۆیدا وشک و توند نەبوو، بگرە لە کاتی دەربڕینی بیروڕا و بۆچوونەکانیشیدا هەر ڕەق و توند و زبر بوو، لە ناوەندی ئەدەبیشماندا زۆر کەس لەگەڵی نەدەگونجان، لە نووسینی ڕەخنەشدا هەر توند و ڕەق دەکەوتەوە. لەبیرمە جارێک لە ڕۆژنامەی (ژین)ی کاکەی فەللاح بابەتێکی ڕەخنەیی لەبارەی چیرۆکەکانی سەلام مەنمی نووسیبوو، ئەویش (جاف)ـەکەی بۆ کردبووە (وشک)، ئیدی وەک دەبینین کەسێک کە ئەوەندە لە سۆز و خۆشەویستی بێبەش بووبێ، خۆشیی لە ژیانی خۆی نەدیبێ، ژیان ئەوەندە لەگەڵی دڵڕەق بووبێ و بێبەزەییانە ئازاری بە دەستەوە چەشتبێ، کەواتە زۆر چاکیشە تا ئێرە و بەو شێوەیەی هێناوە.

* حەسەن جاف، سەرەتاکانی نووسینی وەک هەموو نووسەرانی کورد، بە شیعر دەستی پێکردووە، هەموو شیعرەکانی لە دیوانێکدا کۆکردووەتەوە و لە سلێمانی بردوویەتی بۆ چاپخانەی کامەران، بە ڕێکەوت (کامەران موکری)ی شاعیر لەوێ بووە، دیارە هەر ئەو کاتە چەند دانەیەک لە شیعرەکانی دەخوێنێتەوە و بە دڵی نابێ، بۆیە پێی دەڵێ بە قسەم بکە ئەو شیعرانە چاپ مەکە، ئەوە بوو تا مردیش ڕەحمەتی بۆ گۆڕەکەی کامەران موکری دەنارد، کە بووبووە هۆکاری چاپ نەکردنی شیعرەکانی، یان ئەوەی ناوی لێنابوون (شیعر)، دیارە ئەو شیعرانەی لەلا مابوون، بۆیە دەیگوت کە دەیانخوێنمەوە عەرەق دەردەدەم، نووسینی ئەو شیعرانەی ئەگەر تاکە سوودێکی هەبووبێ، ئەوەیە لە نزیکەوە کامەران موکری ناسیوە، کە دواتر لە ژیانی داهاتوویدا زۆر دەبنە هاوڕێی یەکدی، ئەمەش ڕێڕەوی ژیانی گۆڕیوە.

* باوکی حەسەن جاف کتێبێکی هەبووە، بەردەوام ئەو کتێبەی خوێندووەتەوە، دیارە کتێبەکە (شانامە)یە، لەو کتێبەدا باسی ڕۆستەم و زۆراب و بێژەن و مەنیجە و ڕۆستەم و جەهانگیر کراون، نەک هەر تەنیا خۆی ئەو کتێبی شانامەیەی خوێندووەتەوە، بەڵکوو بۆ زۆربەی هەرە زۆری بەگزادەکانی جافی خوێندووەتەوە، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە سەردانی ماڵەوەیان کردووە. باوکی کە سەر بە عێلی جافە، زۆربەی بەگزادەکانی جاف، داوود بەگی جاف و ئەوان کە سەردانی شاری بەغدایان کردووە، چوونەتە لای و لە ماڵی ئەوان لایان داوە و شەو لەلایان ماونەتەوە، ئەویش ئەو کتێبەی بۆیان خوێندووەتەوە، دیارە (حەسەن جاف)یش لە کاریگەریی خوێندنەوەی بەردەوامی ئەو کتێبە لەلایەن باوکییەوە و بوونی ئەو کتێبە سەرنجراکێشە و گوێگرتن لێی بە دوور نەبووە، بە تایبەتیش ئەوەی زیاتر سەرنجی ئەو منداڵەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، ئەوەیە کتێبەکە بە زمانی کوردی بووە و هەر بە زمانی کوردی خوێندراوەتەوە و بە گوێی دادراوە، بەڵام لەوە دڵنیا نییە کە باوکی کتێبەکەی کردووە بە کوردی، یان کتێبەکە خۆی بە زمانی کوردی بووە، کەشی خوێندنەوەی ئەو کتێبە لە ماڵەکەیاندا

هاندەر بووە بۆی بەرەو دنیای خوێندنەوە بڕوا، دواتر بەرەو نووسین (گێڕانەوە) پەلکێشی بکەن، بەهۆی دەنگخۆشییەکەی باوکیشییەوە کە کتێبەکەی خوێندووەتەوە، زیاتر سەرنجی ئەویان بەلای ناوەڕۆکی کتێبەکەدا ڕاکێشاوە، جگە لەو لایەنە، باوکی ئەو نووسەرە دوو بەهرەی دیکەی هەبووە، کە ئەوانیش بەهرەی: (دەنگخۆشی) و (خەتخۆشی)یە، دەنگخۆشییەکەی وەبەر (محەمەد عەباس بارام)ی برای کەوتووە و خەتخۆشییەکەشی بەبەر حەسەن جاف کەوتووە.

* حەسەن جاف، ئەگەرچی دەرچووی بەشی جوگرافیایە، بەڵام بۆ نووسین و ئەدەبیات (بە تایبەتی چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمان) هیچ سوودێکی لەو خوێندنەی نەدیوە، تەنانەت بە چاوی خۆی و بە تەواوی شار و شارۆچکە و ناوچەکانی عێراقی نەدیوە، یان زۆر کەم شار و شارۆچکەکانی عێراقی دیوە، بۆیە لە عێراق جگە لە حیللە و بەعقووبە، جارێکیش بۆ سەردانی ئازاد مستەفای پاسۆک سەردانی سەماوەی کردووە، ئیدی شوێنی دیکەی نەدیوە، بەڵام بەهۆی مامۆستایەتییەوە لە وڵاتانی عەرەبی، سعودیە و جەزایر و (مەغریب)ی دیوە و بۆ مامۆستایەتی چووەتە ئەو وڵاتانەوە، لەو وڵاتانەشدا هەوڵی داوە ناسنامە کوردییەکەی خۆی زەق بکاتەوە، چونکە مامۆستایان و قوتابییەکانی لەو وڵاتانەدا پێیان گوتووە تۆ کە موسڵمانی، کەواتە دەبێ عەرەب بیت، بەڵام ئەوەندە بە جوانی باسی کوردستانی بۆ کردوون، پێیان گوتووە کە کوردستان ئەوەندە جوان و خۆشە، بۆچی هاتووی بۆ ئەو ناوە؟ دوایی دەڵێ بێجگە لە یەمەن و سودان، هەموو وڵاتانی عەرەبی دیوە، بەڵام لە کوردستاندا زۆر کەم گەڕاوە و زۆر کەم شارەزای شار و شارۆچکەکانیەتی.

* لە ساڵانی شەستەکاندا چووەتە شاخ و بووەتە پێشمەرگە، بۆ چوونە شاخ وازی لە خوێندنی زانکۆ هێناوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٤ کە لەناو شۆڕش دووبەرەکی دروست دەبێ، لە لێخۆشبوونێکدا یەکسەر دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەش کەس ئامادە نەبووە (٥) دینار مانگانەی بۆ سەرف بکا تا خوێندنەکەی تەواو بکا، تەنانەت (پارتی)ش کە کاتی خۆی لەناویدا ئەندام بووە، ئامادە نەبووە یارمەتی بدا، تا ئەو کاتەش نەک هیچ نووسینێکی نەبووە، بگرە یەک حەرفیشی نەنووسیوە. کاتێ دەیەوێ بگەڕێتەوە زانکۆ و درێژە بە خوێندنەکەی بدا، دەبینێ لە بەشە ناوخۆییەکەی وەری ناگرنەوە، نەشیتوانیوە وەک جاران لە پاڵ بەشە ناخۆییەکە، بە (٥) دیناری مانگانەی نەنکی کە بۆی ناردووە بژی، بۆیە بڕیار دەدا لەبەر دەستکورتی و نەبوونی، دەست لە خوێندن هەڵبگرێ، بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، لە پڕ هاوشارییەکی خۆی وەک فریادڕەسێک پەیدا دەبێ و ڕێگەی لێ دەگرێ لە خوێندن دوور بکەوێتەوە.

* حەسەن جاف دەڵێ: ئێستاش نازانم کێ هەواڵی دەست هەڵگرتنم لە خوێندنی زانکۆی گەیاندبووە ئەو هاوشارییەم، کە ئەو هاوشارییەی دێ بۆ لای، ڕێکوڕاست دەیباتە ڕۆژنامەی (صوت العرب)، بۆ لای فەوزی عەبدولواحیدی سەرنووسەر، کە چووەتە ڕۆژنامەکە، سەرنووسەر تاقی کردووەتەوە و داوای نووسینێکی لێ دەکات تا بزانێ زمانی عەرەبییەکەی چۆنە، ئەویش لەبەر ئەوەی خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بووە، بە زمانی عەرەبی وتارێک لەبارەی بەستنی کۆنگرەی عەرەبییەوە بەناوی (مؤتمرات القمة العربية والانحدار نحو القاع) دەنووسێ، بۆ بەیانییەکەی دەبینێ وتارەکەی کراوەتە سەروتاری ڕۆژنامەکە و بڵاوکراوەتەوە، لێرەوە کە بە ڕێکەوت بووە بە نووسەر، دەست بە نووسین دەکات و متمانە بە خۆی پەیدا دەکات، هەر ڕۆژی پاشتر لە بەشی سیاسەتی نێوەدەوڵەتی دەستبەکار دەکات و مانگانەی (٢٥) دیناری بۆ دەبڕنەوە، ئیتر کە بووەتە خاوەنی

مووچەی مانگانەی خۆی، چیتر نەیهێشتووە نەنکی خەریکی نان کردنی ماڵان بێ، هەر لەو ڕۆژنامەیەشدا گۆشەیەکی هەفتانەی نووسیوە. ئەو هەرچەندە پێشتر سەروساختی لەگەڵ خوێندنەوەدا هەبووە، بەڵام هیچ نووسینی نەبووە، لێرەوە دەست بە نووسین دەکات و هەندە نابات خۆی لە نووسین و دنیای ئەدەبیاتدا دەبینێتەوە، هەرچەندە نووسینەکانی ئەو سەرەتایەی بە زمانی عەرەبی بووە، بەڵام دوایی لەلایەن دۆستێکی نزیکییەوە سەرزەنشت دەکرێ کە چۆن دەبێ ئینسان کورد بێ و بە زمانی کوردی نەنووسێ، ئەو قسەیە زۆر کاری تێ دەکات، بۆیە ڕوو دەکاتە کوردی نووسین. لەو ڕۆژنامەیەدا جارێکی دی (سەدرەددین عارف)ی کۆنە هاوڕێ و هاوشاریی خۆی دەبینێتەوە، کە لەوێ وەک وەرگێڕ کاری کردووە، هەر لە ڕۆژنامەکەدا کەسانی وەک حەسەن عەلەوی و سامی مەهدی و فەلاح ئەلعماری ناسیوە.

* لەو هەموو هاتنەی بۆ لامان، هەندێ شت هەیە پێم باشە بیگێڕمەوە. دوای ئەوەی خوشک و براکانمان (کوردانی ڕۆژئاوا) لێیان قەوما و کوشتوبڕ دەکران، بەشێکی زۆریان کەوتنە دیوی باشوور، هێشتا ئەوان کەمپیان بۆ دروست نەکرابوو، بۆیە لەو سەرەتای هاتنەیانەوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە بانگەوازی هاوکاری کردنیان بە گوێی خەڵکەکە دادرا، خەڵکی هەولێریش وەک پیشە و نەریتی هەمیشەییان زۆر مەردانە و جوامێرانە بە پیر بانگەوازەکەوە دەچوون، تا لەلای پارکی شانەدەر، هەریەکەیان بە پێی دەسەڵات و توانایی خۆی هاوکارییان بۆ بباتە ئەوێ، (حەسەن جاف)ی تایین سۆزی نەتەوەیی بۆیان جووڵا بوو، چووبوو هەموو نوێنەکانی ماڵەکەی خۆی (دۆشەک و لێفە و بەتانیە و سەرینەکانی) بۆ بردبوون، دواتر بیری کەوتبووەوە کە خۆی هیچی لە ماڵەوە نەماوە لەو زستانەدا بیدا بە خۆیدا، لە مەڵبەندی گشتیی نووسەران هاتە ژوورەکەم، سکاڵای حاڵی خۆی بۆ کردم کە هیچی نەماوە لەو سەرمای زستانە بەکاری بهێنێ، من کە لەوێ دەسەڵاتی پارە سەرف کردنم نەبوو، چونکە بەپێی یاسا و پێڕەو و پرۆگرام (سەرۆکی نووسەران) بڕیاری پارە خەرجکردنی لەلایە، (آمر بالصرف)ـە و ئەو دەسەڵاتەی هەیە، بۆیە لە ژوورەکەم بەجێم هێشت و خۆم چوومە لای ڕەوانشاد کاکەمەم بۆتانی، داوای (٥٠٠) هەزار دینارم بۆ کرد کە لە بودجەی مانگانەی نووسەران بیدرێتێ، تا کەموکووڕییەکانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە، کە زانی ئەو بڕە پارەیەی بۆ بڕیار دراوە، کۆڵێک پێی گەشایەوە و شاگەشکە بوو، چونکە خۆی گوتەنی گرفتێکی گەورەی لە کۆڵ بووەوە.

* ساڵی ٢٠١٢ لە یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەستپێشخەریمان کرد و پێشبڕکێیەکمان ڕاگەیاند، پێشبڕکێیەکە بۆ ئەو ڕۆمان و نۆڤلێتانە بوو کە سەبارەت بە جینۆسایدکردنی کورد نووسرابوون، داوامان کردبوو هەموو ئەو نووسەرانەی لە ڕابوردوو، یان ئێستا، ئەگەر ڕۆمان و نۆڤلێتیان لە بارەی ئەنفال و کیمیاباران نووسیوە، بۆمانی بنێرن، من سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندنی ئەو پێشبڕکێیە بووم، لە کۆی ئەو (١٢) بەرهەمەی بە دەستمان گەیشتن، حەسەن جاف یەکێک لە بەشداربووەکان بوو، لە پێشبڕکێیەکەدا کە کردم بە براوەی سێیەمی خەڵاتەکە، پتر مەبەستم بوو ئەو بڕە پارەیەی بدرێتێ و نەختێ قورسایی ژیان و گوزەرانی خۆی پێ سووک بکات و ژیانی باشتر بێ.

* حەسەن جاف کە زوو زوو لە ئۆفیسی ڕامان سەردانی دەکردم، لەم ساڵانەی دوایی داوای لێکردم لە ژوورێکی گۆڤاری ڕامان، کورسی و مێزێکی بۆ دابین بکەم تاکوو ڕۆژانە بێتە لامان و بەبێ

مووچە خۆی خەریکی خوێندنەوە و نووسین بکات، ئەوەشی پێ ڕاگەیاندم ئەگەر ئێمە ئیشێکی گۆڤارەکەمان هەبوو، ئەو ئامادەیە بەبێ بەرانبەر بۆمانی جێبەجێ بکات؛ من و ئەو لەو کەینوبەینەدا بووین و بەڵێنم پێ دابوو لە ژوورێکدا کە کورسی و مێزی لێ بوو، بێت و کەی ویستی سوودی لێ وەربگرێ و خەریکی کاری خۆی بێت، هێندەی پێ نەچوو، دیار بوو لەگەڵ برادەرانی دەزگای موکریانی و بەرپرسەکەی (کاروان عەبدوڵڵا) گرێبەستێکی بۆ کرابوو تا بچێتە لایان و لەوێ کاریان لەگەڵ بکات. ڕاستییەکەی لەلای ئێمە هیچ دەسەڵاتێکی وامان نەبوو گرێبەست بۆ هیچ کەسێک بکەین، چونکە ئەو دەسەڵاتەم هەبوایە و دەستم کراوە بوایە، ئەوە بێ سێ و دوو ئەو کارەم بۆ دەکرد، بەڵام برادەرانی دەزگای موکریانی دەیانتوانی لە بودجەی مانگانەی بەردەستیان، ئەو کارەی بۆ بکەن، هەروەک چۆن دەیانتوانی ناو بە ناو کتێبێکی ڕووبەڕوو بکەنەوە و بەرانبەر بڕە پارەیەک بۆیانی وەربگێڕێ.

* حەسەن جاف، وەک ڕۆژنامەنووسێک، لە زۆر ڕۆژنامەدا کاری کردووە، سەرەتای دەست پێکردنەکەی لە ساڵی ١٩٦٤ لە ڕۆژنامەی (صوت العرب) بووە، لەوێش گۆشەیەکی بەناوی (کلمات عابرة) هەبووە. کە لە ناوەندیی کاژاو لە سلێمانی بەڕێوەبەر بوو، ژمارەیەکی لە گۆڤاری (کاژاو)، بە پشتیوانیی دارایی عەلی بۆسکانی دەکردووە، کە هەر خۆی سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە و بە هاوکاری مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە دەرچووە، ئەگەر پاڵپشتی داراییان هەبوایە، ئەوە دەیانتوانی زۆر ژمارەی دیکەی لێ دەربکەن. دوای ڕاپەڕین لە ڕۆژنامەی (بغداد) کە هی جەماعەتی ئەیاد عەلاوی بوو کاری کردووە، هەرچەندە ئەو سەرپەشتیاری چاپی ڕۆژنامەکە بووە، بەڵام ناو بە ناو وتاریشی بۆیان نووسیوە، دوایی هەر لەوێ عەمیدێک کە لە سوپای عێراق ڕای کردووە، ناوی (عەدنان محەمەد نووری) بووە، گۆڤارێکی بەناوی (آفاق عربیة) دەرکردووە، کە تەنیا (١ — ٢) ژمارەی لێ دەرچووە، دوای ماوەیەک لە ڕۆژنامەی (ڕزگاری)دا کاری کردووە، دەڵێ: بەو مەرجە سەرنووسەریم بۆیان کرد، کە ئەوان چۆن بیر دەکەنەوە، ئەوە گرفتی من نییە، بەڵام پێم وتن سەروتار خۆتان بینووسن، ئەوەی دی بۆ من بەجێ بهێڵین. دوای ڕاپەڕین کە خزمەتەکەی لە زانکۆوە گوێزراوەتەوە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیری، لەوێ کراوەتە بەڕێوەبەری ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان، دواتر کراوەتە بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن و سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەرێم. لەو کارە بەرچاوانەی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کردوویەتی، (٣) جار گۆشەی هەبووە، یەکیان بە زمانی عەرەبی بەناوی (کلمات عابرة)، کە وەک قوتابییەک لەسەر گرفتی زانکۆ و قوتابیانی نووسیوە، سەرنووسەر لەسەر ئەوە ڕایگرت و چیتر بڵاو نەکرایەوە. پێش ڕاپەڕینیش لە ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق بە کوردی، گۆشەیەکی بەناوی (کتێبی ئەم جارە) هەبوو، کە لەو گۆشەیەدا هەر جارە و ناوەرۆکی کتێبێکی دەخستە ڕوو، لە ڕۆژنامەی (هەرێم)یش گۆشەیەکی بەناوی (دەنگی بەرز) هەبوو، خۆی دەڵێ من ناتوانم بە چپە قسە بکەم، بۆیە گۆشەکەم ناو نا (دەنگی بەرز).

* حەسەن جاف، بە درێژایی ژیانی، وەک نووسەر و ڕۆژنامەنووس (٧) جار ڕێزی لێنراوە، ئەو (٧) جارەش ئەمانە بوون: (وەزارەتی ڕۆشنبیری لە سلێمانی، بنکەی گەلاوێژ- لقی کەرکووک، یەکێتیی نووسەرانی کورد، یەکێتیی نووسەرانی عێراق، دەزگای هەواڵ (لەسەر ڕۆمانی ئەنفال)، لە یادی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، خەڵاتی ڕۆمانی ئەنفال کە لەلایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی

گشتی پێی درا کە خۆم سەرۆکی ئەو لیژنەیە بووم. ئەو لە گفتوگۆکەمان دەڵێ (١٨) ساڵە هیچم نەنووسیوە، گفتوگۆکەماندا لە ڕۆژی شەممە، ٢٠١٤/٦/٢٨ ساز کردووە، واتە (٢٥) ساڵی ڕەبەق بێجگە لە وەرگێڕان هیچی نوێی نەنووسیوە، بەڵام ئەو (٥٠) ساڵ قەڵەمەکەی لە کاردا بوو، خزمەتی بە بواری نووسینی کوردی و عەرەبی کرد، لەگەڵ ئەوەش لە چاو ئەو مێژووە دوورودرێژەی دەست پێکردنی، زۆر کەم بەرهەمەکانی بەسەر کراونەتەوە و لە بارەیانەوە نووسراوە، لەوانەیە ئەوەش هۆکارەکەی بۆ ڕاشکاوی و قسە توندەکانی بگەڕێتەوە و دەوریان لەوەدا هەبووبێ.

* ئەو پیاوە کە پێشبینی مەرگی خۆی دەکرد و دەیگوت بکەومە جێگەوە، کەسێ نییە پەرداخێ ئاوم بداتێ، یان دەیگوت بشمرم کەس بە مردنەکەم نازانێ، زۆر ڕاستی کرد و هەرواش دەرچوو، ئەو لە ڕۆژی دووشەممە، (١٠)ی شوباتی ٢٠٢٥، لە تەمەنی (٨٣) ساڵیدا، لە یەکێک لە شوقەکانی ڕووناکی کۆچی دوایی کرد، لەو کاتەی کۆچی دوایی کردبوو، کەس بە مردنەکەی نەزانیبوو، تا دواتر دەرودراوسێکانی پێیان زانیبوو و پۆلیسیان لێ ئاگەدار کردبووەوە. ئەو کە ماڵی لە شوقەکانی ڕووناکی بوو، هەر زوو زوو دەیگوت بە هیمەتی کامەران موکری ئەو شوقەیەم وەرگرتووە، ئەو نەبوایە چیم دەکرد؟ خاوەنی دوو کوڕ و کچێکە کە لە دەرەوەی وڵات دەژین، ئێستا ئیدی ئەو پیاوە کە هەمیشە جانتایەکی بە شانەوە بوو، کتێب و وردەواڵەی خۆی تێدەکرد، بە خۆی و جانتا پڕ لە خەم و خەفەتەکانی خۆی و نیشتمانەکەی، چیدی نایبینینەوە. ڕۆژی چوارشەممە، (١٢)ی شوباتی ٢٠٢٥، یەکێتیی نووسەرانی کورد، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەزگای موکریانی، لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو پرسەیان بۆ دانا.

* من لەمێژ بوو لەگەڵی خەریک بووم گفتوگۆیەکی تێروتەسەل و بەرفراوانی لەگەڵدا ساز بکەم، چونکە دەمزانی هیچ تاقەتی نووسینی نەماوە، بە تایبەتیش کە پێم دەگوت بیرەوەرییەکانت بنووسە، دەیگوت زۆر حەز دەکەم بیرەوەرییەکانم بنووسم، چونکە بایی ئەوەندەم پێیە بینووسم و بخوێنرێتەوە، کە لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی بێ هیوا بووم، حەزم دەکرد لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆ دوورودرێژەوە یادەوەرییەکانی بجووڵێنم، بەڵام پاش تۆمارکردنی چەند سەعاتێک، دیار بوو ڕۆژگار خەیاڵ و یادەوەرییان شەکەت و ماندوو کردبوو، ئیتر تاقەتی چووبوو زۆر قسان بکا، زۆرجاریش دەیگوت خۆم گرفتم کەم نییە، تا گرفتی دیکەشی بێتە سەر، من قسە بکەم، دەبێ ڕاستگۆیانە هەموو شتێک بڵێم، بۆیە ئەوەندە قسەیەی بۆی کردبووم، بەلامەوە کەم بوو، چاوم لەوەبوو زیاتری لێ وەربگرم، چونکە زۆرتری پێ بوو، ناو بەناویش ئەوەی لێ دووپات دەکردمەوە کە جارێ گفتوگۆکە ڕابگرم و بڵاوی نەکەمەوە، تاکوو دەرفەتێکی دیکە دێتە پێش، بۆیە (١١) ساڵ ئەو چاوپێکەوتنە بڵاو نەکرایەوە و دواکەوت. ئەو مامۆستایەی هەوڵی دەدا قوتابییەکانی، تەنانەت ئەوانەی قوتابی ئەویش نەبوون، بە گیانێکی نەتەوەییانە و کوردانە پەروەردە و گۆش بکا، شیعری شاعیرە نەتەوەییەکانی بۆ دەخوێندنەوە و قسەی بۆ دەکردن، ئەو نووسەرەی هەوڵی دەدا بە نووسین و وەرگێڕان، بە چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمان، تاکەکانی کورد هۆشیار بکاتەوە، ماڵئاوایی لێکردین، وەلێ یادی ئەو لە یادەوەریماندا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

**ڕامان:** ئێمە لە هەڤپەیڤینەکانماندا کردوومانە بە نەریت، وەک دەروازەیەک بۆ چوونە ناو باسوخواس و پرسیارەکانمانەوە، لە سەرەتای سەرەتاکانەوە دەست پێ دەکەین، سەرەتا پێمان بڵێ، تۆ چۆن قۆناغی منداڵیت گوزەراندووە؟

**حەسەن جاف:** ڕاستییەکەی ئەگەر بڵێم خراپترین ژیانم گوزەراندووە، ڕەنگە زێدەڕۆییم نەکردبێ، چونکە من لە تەمەنی هەشت مانگاندا بووم کە دایکم مرد، باوکیشم، گەردنی ئازا بێ، دوای چوار ساڵ ژنی هێنایەوە. ئەو ژنەی هێنای لە پیاوێکی دیکە دوو کچی هەبوو، واتە خەڵک ئەگەر باوەژنێکی (زڕدایک) هەبووبێ، من سێ باوەژنم هەبوو.

**ڕامان:** دیارە ئەو باوەژنەت لەگەڵت خراپ بووە؟

**حەسەن جاف:** خۆی خراپ بوو، بەڵام خوا هەڵناگرێ کچە گەورەکەی لەگەڵم باش بوو. لە پۆلی چواری سەرەتایی بووم، کە باوکیشم بە ڕەحمەتی خوا چوو، ئیدی کەوتمە لای نەنکم، ئەو بە نانەوایی ماڵان منی بەخێو کرد. لەبیرم دێ پێیان دەگوت، ئەم منداڵە نە باوکی هەیە و نە دایک- مەبەستیان من بوو- لێی گەڕێ با فێری سنعاتێک بێت، ئێستاش قسەکەیم لەبیرە، وەڵامی دەدانەوە و دەیگوت نا، گەرەکە بخوێنێ، گەرەکە مەکتەبە گەورەکەی بەغداش تەواو بکات کە مەبەستی خوێندنی زانکۆ بوو.

**ڕامان:** سەرەتاییت لە کوێ خوێند؟

**حەسەن جاف:** سەرەتا لە قوتابخانەی سەرەتایی (خالدیە) خوێندم، بە داخەوە ئێستا ڕووخاندوویانە، بەڵام شوێنەکەی هەر ماوە.

**ڕامان:** قوتابخانەکە لە کەرکووک ناوی (خالدیە) بوو؟ قوتابخانەی (خالدیە) لە شاری سلێمانیش هەیە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، ناوی (خالیدیە) بوو کە ئێستا ڕووخاوە، سەرەتاییم لەوێ تەواو کرد، پاشان چوومە دواناوەندیی کەرکووک.

**ڕامان:** بە زمانی کوردی، یان بە عەرەبی خوێندت؟

**حەسەن جاف:** ئەوسا خوێندن بە زمانی کوردی نەبوو، هەر عەرەبی بوو، ئەو کاتە دواناوەندی (٥) ساڵ بوو، لە دوا ساڵدا بەشی ئەدەبی نەما، لەبەر ئەوە ئێمەیان بۆ ناوەندیی (موسەڵڵا) ڕاگواست، ساڵی پێنجەممان لەوێ تەواو کرد.

**ڕامان:** ئەو قوتابخانەیە لە کوێ بوو؟

**حەسەن جاف:** ئێستاش لەبیرم دێ ساڵی پێنجەم بەیانیان بەدەم خوێندنەوە لە کەرکووک دەردەچووم هەتا بەشیر بە پێ دەڕۆیشتم. نیوەڕۆ لەوێ نان و ماستاوێک، یان نان و چایەکم دەخوارد و دەگەڕامەوە بۆ کەرکووک، ئیدی بەو شێوەیە پێنجم تەواو کرد و چووم بۆ زانکۆ، بۆ کوللییەی ئاداب.

**ڕامان:** ئەو زەمانە، خوێندن لە ئامادەیی تا پێنجی هەبوو، پۆلی شەشی نەبوو؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، ئەوسا یەک و دوو و سێی ناوەندی، هەر سێ ساڵەکە پێکەوە تاقیکردنەوەیان دەکرد، ئەوەی بچووایە بۆ ئەدەبی، تاقیکردنەوەی لە وانە ئەدەبییەکاندا دەکرد، ئەوەی بچووایە بۆ زانستی، لە ئەزموونی وانە زانستییەکاندا بەشداری دەکرد، لە پۆلی پێنجیش، چوار و پێنج پێکەوە تاقیکردنەوەیان دەکرد.

**ڕامان:** پاش ئەوەی دایکت ئەمری خوای کرد، چەند ساڵ دوای ئەو، باوکیشت کۆچی دوایی کرد، دوای نەمانی دایک و باوکت، ئەی مام و خاڵت نەبوو بتگرنە خۆیان؟

**حەسەن جاف:** دوو خاڵم هەبوو، بەڵام نەنکم نەیهێشت بچمە لای کەس. هەڵبەت هاتوچۆی

ماڵـی خاڵیشـم دەکـرد، بەتایبەتـی خاڵـە مـەلا ئەحمـەدم، کـە زۆر زۆر لەگەڵـم بـاش بـوو، ئـەو خـاڵ، بـاوک، بـرای گـەورە، مامۆسـتام بـوو، بـەڵام هـەر لـەلای نەنکـم بـووم.

**ڕامـان:** ئـەو خاڵـەت، مـەلا ئەحمـەد، هیـچ جارێک داوا و پێشـنیاری ئـەوەی بـۆت نەکـرد بتگرێتـە خـۆی و بچیتـە ماڵیـان و لـەلای ئـەو بمێنیتـەوە؟

**حەسـەن جـاف:** ئـەو هێشـتا ژنـی نەهێنابـوو، وابزانـم مـن چوومـە زانکـۆ، ئەوجـا ژنـی هێنـا، ئەوسـا بـە عارەبانـە ژنیـان بـۆ گواسـتەوە.

**ڕامـان:** ئـەو عەرەبانەیـە، عەرەبانـەی یایلـی، یـان پەیتوونـی پـێ دەڵێـن.

**حەسەن جاف:** مەبەستم عارەبانە دوو ئەسپەکەیە.

**ڕامان:** لـەو کاتانـەدا، لەنێو خێزانی خۆتـان، وەک کەسایەتییەکی بەهێـز، کاریگەریـی کێـت بەسـەرەوە بوو؟

**حەسـەن جـاف:** بێگومـان بـە پلـەی یەکـەم کاریگەریـی نەنکـم، دوای ئەویـش هـی خاڵـم، مـەلا ئەحمـەدم لەسـەر بـوو.

**ڕامـان:** ئـەوە مـەلا ئەحمـەدە هـەر بـە ڕاسـتی مـەلا بـوو، یـان نـاوی بـە مـەلا ڕۆیشـتبوو؟

**حەسـەن جاف:** بەڵـێ، بەڕاسـتی مـەلا بـوو، بـەڵام مەلایەتـی نەدەکـرد، عەرزوحاڵچـی بوو، لـەلای پارێزگا دووکانێکـی هەبـوو، خەریکـی عەرزوحاڵنووسـین بوو.

**ڕامـان:** ئـەی ئـەو دۆخـە ناخۆشـەی ژیانـت، مەبەسـتم دەسـتکورتییە، چەنـد کاریگـەری لەسـەر ژیانـی تـۆ هەبـوو؟

**حەسـەن جـاف:** بەخـوا ڕەنگـە ئەوسـا بـە تـەواوی هەسـتم پـێ نەکردبێـت، بـەڵام دوایـی بـۆم دەرکـەوت گرێیەکـی دەروونیـی زۆر گـەورەی لـەلای منـدا دروسـت کـردووە. مـن لـە هەمـوو خۆشـییەک بێبـەش بـووم، بـۆ نموونـە ئـەوە دەبینـم باوکـی خەڵـک دەسـت بـە سـەری منداڵەکەیـدا دێنـێ و



**هەولێـر، یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد - مەڵبەنـدی گشـتی، ٢٠١٢، لـە ڕاسـتەوە: ئـازاد عەبدولواحیـد، حەمەسـاڵح فەرهـادی، کاکەمـەم بۆتانـی، مەدحـەت بێخـەو، حەمـە عەبـاس، حەسـەن جـاف.**

خۆشـی دەوێ و بـە دەنگییـەوە دەچـێ و کاری بـۆ دەکات و... مـن ئەوانـەم بـە خۆمـەوە نەدیـوە.

**ڕامـان:** ئاخـر ئێسـتا دەمـەوێ ئـەوەت لـێ بپرسـم، تـۆ کـە لەنـاو ئـەو ناخۆشـییەدا چـاوت کـردەوە و پـەروەردە بـووی، لـە سـۆزی دایـک و بـاوک و دەوروبەرەکـەت بێبـەری بـووی، ئاخـۆ ئـەم پـەروەردە دوور لـە سـۆزە کاریگەریـی لەسـەر ژیانـت هەبـووە، کـە میهرەبانییەکـی ئەوتـۆ نەبـووە لەژێـر باڵـی خۆیـت بگرێـت، زۆرجـار دەتبینـم ڕەق و زبـری، دەوروبەرەکـەت وا تێگەییـون تـۆ کەسـێکی تـووڕەی، ئایـا ئـەوە کاریگەریـی ئـەو قۆناغـە ناخۆشـەی ژیانتـە؟

**حەسـەن جـاف:** وابزانـم کاریگەریـی هەیـە، بەڵام خـۆی بەشێکیشـە لـە کەسایەتیم، بـۆ نموونـە مـن نازانـم ڕووبینـی (مجاملة) بکـەم و زمـان چـەور بـم، قسـەم لـە ڕووە.

**ڕامـان:** ئـەو ڕووبینـی نەکردن و قسـە لەڕووییەی تـۆ، لە کوێـوە هاتـووە؟

**حەسـەن جـاف:** جـا بڵێـم چـی، هـەر پێکهاتـە و سروشـتم وایـە.

**ڕامان:** نەنکت ڕەفتاری لەگەڵت چۆن بوو؟

**حەسـەن جـاف:** ڕەنگـە کاریگەرییەکـەی بـۆ

منداڵیم بگەڕێتەوە، کە ڕووبینیم بەرانبەر بە خۆم نەدیوە، لەوانەیە ئەوە وایکردبێت منیش ڕووبینیم بەرانبەر بە خەڵک نەبێت و قسەم لەڕوو بێت و قسەی هەق و ڕەق بکەم، یان زۆرکەس لێم دڵتەنگ دەبێت، کەچی من قەت مەبەستم نەبووە بە ئەنقەست کەسێک دڵتەنگ بکەم. هەڵبەت ڕەنگە لە قسەیەکەوە، لە گەنگەشەیەکەوە، زۆر کەس لێم دڵتەنگ بێت و وابزانێت مەبەستم ئەوەیە دڵی بێشێنم، چونکە قسەکەم ڕەقە و هەقە و لەڕووە، بەڵام قەت ئەوە بە خەیاڵی مندا نەهاتووە.

**ڕامان:** ئەی تۆ کە قسەی هەق و ڕەق بەرانبەر خەڵکی دەکەیت، خۆت چەند قسەی هەق و ڕەق بەرانبەر بە خۆت قبووڵ دەکەی؟

**حەسەن جاف:** وەڵاهی ئەگەر بزانم کەسەکە ڕاستە، تەنانەت ئەگەر خۆشم کارێکی هەڵە بکەم، بەخۆم دەڵێم خەتای خۆم بوو.

**ڕامان:** مانای وایە تۆ گیانێکی وەرزشیانە (ڕوحێکی ڕیازی) لە خۆتدا شک دەبەیت؟

**حەسەن جاف:** ئەوەش هەر دەخەمەوە پاڵ بابەتی ڕوونی و ڕووبینیکردنەکە، ئەگەر کارێکی هەڵە بکەم، خۆم دەڵێم، ئەو کارەم هەڵە بوو، خەتای خۆم بوو.

**ڕامان:** زەقترین و دیارترین شتێک کە تۆ هەستت کردبێت لە ژیانتدا تێیدا هەڵە بووی چییە؟

**حەسەن جاف:** من لە ژیانمدا زۆر زۆر هەڵەم کردووە، یەکێک لە گرفتەکانم ئەوەیە، پاش ئەوەی کارەکە دەکەم، ئەوجا بیری لێ دەکەمەوە و دەڵێم بریا وام بکردایە و وام نەکردایە، زۆرجار باجی ئەوەم داوە.

**ڕامان:** ئەم قسەیەش ئەوە دەگەیەنێ پێش ئەوەی کارەکە بکەی، بە باشی بیری لێ ناکەیەوە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ ڕاستە، زۆرجار لە پێوەندییەکانمدا، لە ئەرکمدا باجی ئەو ڕەفتارەی خۆم داوە.

**ڕامان:** سەرەتای ژیانی مرۆڤ، بە تایبەتی لە قۆناغی هەرزەکاری، ڕەنگە جۆرە کرچوکاڵییەک بە بڕیار و گوفتار و هەڵسوکەوت و کارەکانییەوە دیار بێت، بەڵام تۆ کە ئێستا تەمەنێکت بڕیوە، گەلێک ئەزموونت لە ژیانتدا تاقی کردووەتەوە، ئێستاش بڕیارەکانت هەر ئاوا بە پەلەپەل دەدەی؟

**حەسەن جاف:** بڕوا بکە نەگۆڕاوم، زۆرجار کارێک دەکەم، دوایی دەڵێم بریا وام نەکردایە.

**ڕامان:** ئاگام لێیە جاری وایە هەڵەشەبوونێک بە بڕیارەکانتەوە دیارە، زۆر خێرا بڕیار دەدەی و پەرچەکردار لە خۆت نیشان دەدەیت، کەچی دوایی زوو لێی پەشیمان دەبیتەوە؟

**حەسەن جاف:** وایە، زۆریش ڕاست دەکەی.

**ڕامان:** ئەی چ دیاردەیەکی دیکە لە ژیانتدا هەیە کە پێت خۆش نییە دووبارە بێتەوە؟

**حەسەن جاف:** هەر بابەتی نەبوونی سۆز و خۆشەویستییەکەیە، ئێستا من ئەوەم بە منداڵەکانی خۆم پڕکردووەتەوە. زۆر کەس پێم دەڵێن بۆچی وا و بۆچی وا! ئاخر من خۆشیم لە ژیانم نەدیوە، سۆز و خۆشەویستیم نەدیوە، منداڵیم بە خۆمەوە نەدیوە، لەبەر ئەوە دەمەوێ ئەوە بە سۆزی منداڵەکانم پڕی بکەمەوە. زۆر شتی دیکەش هەن، کە من لە ژیانمدا لێیان بێبەش بووم و نازانم چۆن و بە چی پڕی بکەمەوە، بۆ نموونە باوک و دایک. برادەرێکم تەمەنێکی زۆر زۆری هەیە، زۆریش نەخۆشە، لەم ڕۆژانەدا ویستم بە تەلەفۆن هەواڵپرسییەکی لێ بکەم، تەلەفۆنم بۆ جەلیل زەنگەنە کرد،

گوتی لە کەرکووک چووم بۆ لای فڵان کەس، چونکە باپیرەی مردووە. گوتم ئای برا، جا ئەوە خۆی هیچی تێدا نەماوە، چاک نییە تا ئێستا باپیری ماوە! کەچی من نەک باپیر، باوکی خۆیشم نەدیوە.

**ڕامان:** ئەو کەسە باپیری کێ بوو؟

**حەسەن جاف:** باپیری کەسێکی ناسیاوی جەلیل زەنگەنە بوو. خزمێکی باوکم لە سلێمانی پێش ئەوەی بمرێ، ناردی بە دوامدا، هێندێ وێنەی باوکمی دامێ، بەوەدا بەبیرم هاتەوە، دەنا شێوەی باوکم لەبیر نەمابوو، ئاخر لە چواری سەرەتایی بووم، کە باوکم مرد.

**ڕامان:** باشە، با بێینە سەر نووسین و کار و بەرهەمەکانت، سەرەتا لە دەوروبەری خۆت کتێبخانە هەبوو، کەسی وا هەبوو، حەزی لە نووسین و خوێندنەوە، یان هونەر و ئەو جۆرە شتانە بێت؟

**حەسەن جاف:** لە دەوروبەری خۆم، خاڵم، مەلا ئەحمەد هەبوو، ئەوە حەزی لە نووسین و لە خوێندنەوە بوو.

**ڕامان:** هیچ نووسینی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو بووەتەوە؟

**حەسەن جاف:** نا، هەر کتێبی کۆدەکردەوە. ئێستاش لەبیرمە، زۆربەی بەگزادەکانی جاف، وەک داوودبەگ و ئەوانە، کە دەچوون بۆ بەغدا دەهاتنە ماڵی ئێمە، شەو لەلای ئێمە دەمانەوە، پاشان دەچوون بۆ بەغدا، لەبەر ئەوەی باوکم کتێبێکی هەبوو، بۆیانی دەخوێندەوە، ڕۆستەم و زۆراب و مەنیج و بێژەن و جەهانگیر و ئەوانە، کە شانامەیە، بەڵام بەداخەوە باوکم زوو مرد، دواتر لە محەمەدی برام پرسی ئەرێ ئەو کتێبەی باوکم کەوتە کوێوە؟ گوتی دایکم ئەوەی سووتاند، ئەوجا کرابوو بە کوردی، نازانم باوکم خۆی کردبووی بە کوردی، یان هەر خۆی کوردی بوو، ئەوە نازانم، بەڵام دەزانم باوکم هەموو جار ئەوەی بۆیان دەخوێندەوە.

**ڕامان:** بە کوردی بۆیانی دەخوێندەوە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، ئیدی کەشێکی ئاوا لە ماڵمان هەبوو، کەشی خوێندنەوە و نووسین و ئەوانە بوو.

**ڕامان:** تۆ پێشتر گوتت، کاتێ باوکت ژنی هێنایەوە، تەمەنت چوار ساڵ بوو؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، تەمەنم چوار، یان پێنج ساڵ بوو.

**ڕامان:** دەبێ تەمەنت چوار ساڵ و هەشت مانگ بووبێ، چونکە بە هەشت مانگی دایکت مردووە، دوای چوار ساڵ کە باوکت ژنی هێنابێتەوە، دەکاتە چوار ساڵ و هەشت مانگ. ئەی تۆ لە دایکی خۆت خوشک و برای دیکەت نەبوو؟

**کە شیعرەکانم دەخوێنمەوە شەرم دامدەگرێ، هەر چیرۆکێکیشم نووسیبێ، ویستوومە لە کەرکووکەوە دەست پێ بکەم.**

**حەسەن جاف:** نەخێر، ئاخر تەمەنم هەشت مانگ بوو، کە دایکم مرد.

**ڕامان:** گوتم ڕەنگە پێش تۆ منداڵی دیکەیان بووبێت؟

**حەسەن جاف:** نا نا، منداڵی دیکەمان نەبوو.

**ڕامان:** لە ژنی دووەمی باوکت، خوشک و برات هەبوو؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، (محەمەد عەباس بارام)ی برام و (نازەنین)ی خوشکم هەبوون، کچێک و کوڕێکی لەو ژنە بوو.

**ڕامان:** پێوەندیت لەگەڵ ئەو خوشک و برایەت چۆن بووە و چۆنە؟

**حەسەن جاف:** باشە، بەڵام ئەوانیش هەردووکیان لە دەرەوەی وڵاتن، لە بەریتانیان، جارجار بە

تەلەفۆن هەواڵم دەپرسن و منیش هەواڵیان دەپرسم.

**ڕامان:** (محەمەد عەباس بارام)ی هونەرمەند، لە هونەرمەندبوونیدا هیچ کاریگەریی تۆی بە سەرەوە هەیە؟

**حەسەن جاف:** کاریگەریی من نا، بەڵام بەبیرم دێ، باوکم دوو سیفەتی تێدا بوو، یەکەم، دەنگی خۆش بوو، ئەوە نییە پێشتر عەرزم کردی ئەو کتێبەکەی دەخوێندەوە.

**ڕامان:** وا دیارە بە دەنگ بۆتانی خوێندووەتەوە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ بەڵێ، بە دەنگ دەیخوێندەوە.

**ڕامان:** ئەو قسەیەت ئەو دەگەیەنێ باوکت بەتۆنی جیاواز و ڕیتمێک کتێبەکەی خوێندبێتەوە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، بە ئیشارات گورزی دەوەشاند، شمشێری ڕادەوەشاند.

**ڕامان:** ئەی دەنگی خۆش بوو؟

**حەسەن جاف:** دەنگی زۆر خۆش بوو.

**ڕامان:** بە چی زانیوتە دەنگی زۆر خۆش بوو، هیچ گۆرانی و مەقامی بۆ گوتوون؟

**حەسەن جاف:** نا نا، مەبەستم ئەوەیە بڵێم حەمەی برام، ئەو دەنگخۆشییەی لە باوکمەوە پێ براوە.

**ڕامان:** ئەی وەک بزانی، باوکت لە کوێ فێری گۆرانی و مەقام بووبوو؟

**حەسەن جاف:** جا بڵێم چی، من شێوەی باوکم لەبیر نەماوە.

**ڕامان:** قەیناکە بێ قەزابی، ئەوە منیش لە سێ ساڵییەوە باوکی خۆم نەدیوە، بەڵام دنیایەک زانیاریم لەسەری کۆ کردووەتەوە و خەڵکێکی زۆر لە بارەی ئەوەوە قسەیان بۆ کردووم.

**حەسەن جاف:** ئاخر هەر خۆی دەنگی خۆش بووە، ئەمە خەسڵەتە، واتە شتێکی بەدەستهێنراو نییە .



**هەولێر، دەزگای موکریانی، ٢٦/ ٢/ ٢٠١٥، لە ڕاستەوە: حەسەن جاف، سەباح ڕەنجدەر، ئەدیب نادر، عەبدولڕەحمان مەعرووف، ساماڵ ئەحمەدی.**

**ڕامان:** باشە ئەوە دەنگەکەی بەهرەیەکی خوداییە، بەڵام ئێستا عەلی مەردان، کە یەکێکە لە مامۆستا گەورەکانی مەقامات، ئەویش مامۆستای هەبووە، لە کەسانی پێش خۆی فێر بووە، تۆ بڵێی باوکیشت سوودی لە کەسێک وەرنەگرتبێت؟

**حەسەن جاف:** باوکم سەرباز بوو، لە سوپادا عەریف بوو. نازانم ئەگەر کەسێک کاریگەری لەسەری هەبووبێت.

**ڕامان:** هەتا مردیش هەر سەرباز بوو؟

**حەسەن جاف:** دوایین ساڵی ژیانی خانەنشینیان کرد، نەک لەبەر تەمەن، باوکم کە مرد تەمەنی ٤٢ ساڵ بوو، لەبەر ئەوە بوو کە کاتی خۆی لە شەڕی ڕەشید عالی گەیلانی قومبەلەیەک لە ناو سەنگەرەکەیدا تەقیبووەوە، پارچە ئاسن لە لەشیدا مابوو، بڕێکیان بۆی دەرهێنابوو، بەڵام ٧ پارچەی لە لەشدا مابوون، تیشکەکانی پیشانی خەڵک دەدا، دەیگوت ئەگەر دەریانبێنایە تووشی ئیفلیجی دەبووم، بۆیە لە لەشم هێشتیانەوە، ئەو ئاسنانە لە ڕەوتی زەماندا ژەهراوییان کرد، ژەنگیان هەڵێنا و باوکم بەوە مرد.

**ڕامان:** باوکت لە شەڕەکەی ڕەشید عالی گەیلانی

لە سەنگەری کێدا بوو؟

**حەسەن جاف:** لەگەڵ حکومەت بوو، لە سوپادا عەریف بوو.

**ڕامان:** ئاخر خۆت دەزانی، چونکە شارەزاییت لە مێژوودا هەیە، ئەوەیان ناو ناوە هەراکەی ڕەشید عالی گەیلانی، چونکە ڕەشید عالی گەیلانی مەیلێکی لەگەڵ نازییەکان هەبوو، واتە لەگەڵ بەرەی هیتلەر و ئەڵمانیا بوو، ئەوانی دیکەش لەبەرەی ئینگلیز بوون، باوکت لەگەڵ بەرەی ئینگلیز، یان بەرەی ڕەشید عالی گەیلانی بوو؟

**حەسەن جاف:** ڕاستییەکەی ئەوە پێش لەدایکبوونی من بووە، بەڵام باوکم لە سوپادا بوو، دیارە سوپا سەر بە حکومەت و ئینگلیز بوو، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە سەیرە، باوکم هەتا مرد سمێڵی وەک سمێڵی هیتلەر هێشتبووەوە، ئێستاش وێنەکانیم ماوە و ئەو قسەیەم دەسەلمێنێ.

**ڕامان:** ڕەنگە ئەویش پێی وابووبێ، لەبەر ئەوەی ئێمە گەلێکی ئارياييین، لەوانەیە ئەوان بتوانن پشتیوانیمان بکەن.. با بێینەوە سەر ئەوەی کە ئاخۆ باوکت زیاتر مەقاماتی ناوچەی گەرمیانی گوتووە؟

**حەسەن جاف:** نا نا، هیچ مەقام و گۆرانی نەدەگوت، هەر ئەو کتێبە بوو دەیخوێندەوە.

**ڕامان:** وەک لە خەڵکیت بیستووە، دەمودوو و ڕاوێژی خۆش بوو؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ بەڵێ.

**ڕامان:** بەدەم خوێندنەوەی ئەو کتێبەشەوە ئاماژە و نواندن و ئەوانەی کردووە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، لەگەڵ خوێندنەوەیدا ئیشارەتی دەکرد. باوکم خەسڵەتێکی دیکەیشی هەبوو، خەتی خۆش بوو. دەنگخۆشییەکەی داوە بە محەمەدی برام و خەتخۆشییەکەیشی داوە بە من.

**ڕامان:** ئەوە ماڵەوە، ئەی لە قوتابخانە هیچ مامۆستایەکت هەبوو تۆی هان دابێت بۆ ئەوەی ڕوو بکەیتە ئەدەبیات و خوێندنەوەی کتێبی کوردی؟

**حەسەن جاف:** بەبیرم نایەت و نەبووە، بەڵام قوتابیی بەهرەدارمان لەگەڵ بوو، بۆ نموونە کەسی وەک فازڵ عەزاوی، شاعیرەکە، ئەوە لەگەڵمان بوو.

**ڕامان:** جگە لە شیعر نووسین، ڕۆمانی جوانیشی هەیە.. فازڵ عەزاوی برادەرت بوو؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، لە قوتابخانە بە یەکەوە بووین.

**ڕامان:** هاوپۆل بوون، یان دووراودوور دەتناسی؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، هاوپۆل نەبووین.

**ڕامان:** لەگەڵ یەکدی سڵاو و مەرحەباتان هەبوو؟

**حەسەن جاف:** دەزانی فازڵ عەزاوی-م بە چیدا بەبیر دێتەوە، ئەو لە هەموو بۆنەیەکدا شیعر و وتاری دەخوێندەوە، بەڵام مامۆستامان نەبووە بۆ ئەدەب و خوێندنەوە هانمان بدا.

**ڕامان:** پێم وابێ ئەوکاتە مەیلی شیوعێتی هەبوو؟

**حەسەن جاف:** وابزانم، چونکە لە مەسەلەی ڕووداوەکەی کەرکووکدا، یەکێک بوو لەوانەی کە ویستیان بیگرن، بەڵام پێیان نەگیرا و ڕای کرد. لە ناوەندی و ئامادەیی، زۆربەی مامۆستاکانمان عەرەب و تورکمان بوون، مامۆستای کوردمان زۆر کەم بوو، چونکە خوێندنی کوردی نەبوو، هەمووی هەر عەرەبی بوو.

**ڕامان:** ئەی ئەو مامۆستایانەی کە بە عەرەبی وانەکانیان دەگوتەوە و هەندێکیشیان کورد بوون، هیچ کام لەو مامۆستایانەت لەبیر ماوە، ئەوانەی مەیلێکی کوردایەتییان هەبووبێت و ئێوەی بۆ کوردایەتیکردن هان دابێت؟

**حەسەن جاف:** ڕاستییەکەی هەر یەکێکیانم لەبیرە، ناوی زەمیم پیریادی بوو، کیمیای پێ دەگوتین.

**ڕامان:** ئەو (زەمیم پیریادی)یە، ئەوە بوو کە لە هەشتاکاندا دوکتۆرای هێنابوو؟ **حەسەن جاف:** بەڵێ، ئەوە بوو.

**ڕامان:** وابزانم ئەوە لە ڕووسیا تێزی دوکتۆراکەی تەواو کردبوو، لە هەندێ گۆڤار و ڕۆژنامەدا بابەتی بڵاو کردەوە، هەر ئەوەیە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، بەڵام بڵێی کەسێک بۆ شتێک هانمان بدات، شتی وا نەبوو.

**من لە ژیانمدا زۆر هەڵەم کردووە، دەشمەوێ یادداشتەکانم بنووسم، کەچی ناتوانم.**

**ڕامان:** باشە تۆ پێش ئەوەی بچیتە زانکۆ، بوارێکت هەڵبژاردبوو لەگەڵ زەوقی خۆت بگونجێت، ئاخۆ بەشی جوگرافیات کە هەڵبژاردبوو، لەگەڵ زەوقی خۆت یەکی دەگرتەوە؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، من جوگرافیام هەڵنەبژارد، من ئینگلیزیم هەڵبژاردبوو، بەڵام ئەوسا بەڕێوەبەری گشتیی کۆلێژی ئاداب، عەبدولوهاب ئەلوەکیل بوو، زۆر شتم بەبیر نایەت، بەڵام لە بەینی من و ئەودا دەمەقاڵەیەک ڕووی دا، دواجار پێی گوتم ڕوحت دەرچێ لە بەشی ئینگلیزی وەرتناگرم.

**ڕامان:** ماڵت ئاوابێ، ئەوەشت لەخۆت تێک داوە؟

**حەسەن جاف:** سەدرەددین عارف و ئەحمەد سەلام و ئەوان چوونە بەشی کوردی، من چوومە بەشی جوگرافیا. سەدرەددین عارف ساڵی دووەم لە بەشی کوردییەوە چووە بەشی ئینگلیزی، هەڵبەت دەرچووبوو بۆ دوو، بەڵام لە بەشی ئینگلیزی، لە قۆناغی یەک وەریانگرت، ئەحمەد سەلام هەر لە بەشی کوردی مایەوە، منیش وەک ئەو ویستم بچمە بەشی ئینگلیزی، بەڵام خاڵم نەیهێشت. گوتی کوڕم، ئێمە خواخوامانە ڕۆژێک زووتر تەواوی بکەی، نە باوکت هەیە و نە دایک، بۆچی ساڵێکت لە کیس بچێت، ئیدی هەر لە بەشی جوگرافیا مامەوە.

**ڕامان:** تا چ ڕادەیەک خوێندنی جوگرافیا کەڵکی بۆ کاروباری ئەدەبیت هەبوو؟

**حەسەن جاف:** بۆ کاروباری ئەدەبی کەڵکم لێ وەرنەگرتووە، بەڵام بووم بە مامۆستای جوگرافیا و دەرسەکەم دەگوتەوە. بۆ مەسەلەی ئەدەبی، کاریگەریی لەسەرم نەبوو، بەڵام زمانی ئینگلیزییەکە حەزم لێی بوو، هەر کتێب و وتار و بابەتم بە ئینگلیزی دەخوێندەوە.

**ڕامان:** لە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان و بابەتی ئەدەبیدا، شارەزایی نووسەر لە هەموو کونوقوژبنەکانی جوگرافیای وڵاتی خۆی زۆر یاریدەی دەدات، بیروڕای تۆ لەم بارەیەوە چییە؟

**حەسەن جاف:** شارەزابوون بە مانای چوونە بۆ ئەو شوێنانە، من لە وڵاتی خۆم تەنیا بە پێشمەرگایەتی ناوچەی پیرەمەگروون و پێنجوێن و سەید سادق و ئەو جێگایانەم دیوە، ئیدی شوێنی دیکەم نەدیوە. لە عێراقیش حیللە و بەعقووبە چووم، لە حیللە برادەرێکم لە زینداندا بوو، بۆ سەردانی ئەو برادەرە چووم، چوومەتە سەماوەش، شەهید ئازاد مستەفای سکرتێری پاسۆک لەوێ بوو، چووم سەرم لەو داوە، واتە من لە وڵاتی خۆم نەگەڕاوم، بەڵام جگە لە یەمەن و سوودان، سەرلەبەری وڵاتانی عەرەبیم دیوە.

**ڕامان:** ڕەنگە ئەو زەمانەی ئێوە جوگرافیاتان خوێندووە، کتێب و باسەکانتان زیاتر باسی

جوگرافیای وڵاتانی عەرەب و ئەورووپا و ئەوانە بووبێ، خوێندنەکەتان پێوەندیی بە جوگرافیای کوردستانەوە نەبووبێ، بەڵام دەبوو تۆ بەلای جوگرافیای کوردستاندا لا بکەیتەوە، ئەگەر بە سەردان و بینینیش نەبێت، لانیکەم لە ڕووی بەدواداچوونی جوگرافیای کوردستان، شارەزاییەک پەیدا بکەیت؟

**حەسەن جاف:** ئەو قسەیە ڕاستە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە چووم بۆ جەزایر و سعوودیە و مەغریب و ئەو شوێنانە، هەستم دەکرد خەڵک نازانێ کورد چییە. دەمگوت من کوردم، دەیانگوت کورد کێیە! باوەڕ بکە لە جەزایر بە منیان گوت مامۆستا تۆ چۆن دەڵێی کوردم، مادام موسڵمانی، دەبێ عەرەب بیت!

**ڕامان:** توانیت بۆیان ڕوون بکەیتەوە کە ئێمەی کوردی موسڵمان، عەرەب نین؟

**حەسەن جاف:** ڕێکەوتێکی زۆر جوان هاتە پێش، گۆڤاری ئەلعەرەبیی کوێتی، سەردانی شاری سلێمانی کردبوو، لە ژمارەیەکیدا بە دوورودرێژی باسی سلێمانی و کوردی کردبوو، ١٠ دانەم لەو گۆڤارە کڕی و دام بە قوتابییەکانم، گوتم ئەوە منم. ئێوە دەڵێن مادام موسڵمانی دەبێ عەرەب بیت، ئەوەتا من موسڵمانیشم و عەرەبیش نیم، ئەم قسانە زیاتر وایان لێ کردم هەوڵ بدەم شارەزایی لە مێژوو و جوگرافیای کوردستان پەیدا بکەم.

**ڕامان:** خۆت دەزانی تا ئەم ساڵانەی دوایی کە دوکتۆر عەبدوڵڵا غەفوور بایەخ و سەرنجی بە نەخشە داوە و ئەتڵەسی کوردستانی چاپ کردووە، خۆمان هیچمان نەبووە، کەچی لەولاوە عەرەبێکی وەک دوکتۆر شاکر خەسباک دەبینی، دێ و باسی جوگرافیای کوردستان و هەندێک شتی دی کردووە، ئەویش بەناوی (العراق الشمالي) نووسیویەتی، واتە تۆ وەک ئەوەی کە خوێندووتە دەبووایە گرینگایەتی بەو لایەنەش بدەی، کتێبێکت لەم بارەیەوە بنووسیایە، یان لانیکەم چەند وتارێکت لە بارەی جوگرافیای کوردستانەوە هەبووایە؟

**حەسەن جاف:** یەکەم، شاکر خەسباک دەرسی بە من گوتووە، من لە ساڵی ١٩٦٢ چوومە زانکۆ، ئەو ساڵی ١٩٦٣ گرتیان. دووەم، من وەک نووسین، کتێب و توێژینەوە و وتارم نییە، بەڵام لەو بوارەدا وەرگێڕانم هەیە، ئەوەندەی بۆم کرابێ لەسەر مێژووی کورد، لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیش، کە لەسەر حیسابی ئێمە دروست بوو، تەرجەمەم کردووەتەوە. بۆ نموونە، کتێبەکەی جەرجیس فەتحوڵڵا، (يقظة الكورد)م تەرجەمە کردووەتەوە. ڕاستییەکەی من حەزم لە جوگرافیا نەبوو، لە ناچاری چوومە بەشی جوگرافیا، بەڵام دوکتۆر عەبدوڵڵا غەفوور، خۆی پسپۆڕییەکەی لە جوگرافیادا بوو، زۆریش پێکەوە دۆستین، زۆرجار پێکەوە هەڵسوکەوتمان هەیە، ئەو کاری زۆر باشی کردووە.

**ڕامان:** تۆ هەتا لە کەرکووک ناوەندیشت تەواو کرد، تووشی مامۆستایەک نەبووی هاندەرت بووبێ، باسی (فازڵ عەزاوی)ت وەک نموونەیەک هێنایەوە کە هەندێک جار چالاکی نواندووە، بەڵام دیارە لە زانکۆ خەڵکی وەک (سەدرەددین عارف)ت بینیوە و برادەرت بووە، پێم خۆشە بزانم برادەرایەتییەکەتان چۆن بووە؟

**حەسەن جاف:** لە زانکۆ دوکتۆر شاکر خەسباک، مامۆستام بوو.

**ڕامان:** ئەو پیاوە کوردی خۆش ویستووە، یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە ساڵی ١٩٧٠،

لەبەر خزمەتە زۆر و زەوەندەکانی بە ئێمە، کردیانە ئەندامی شاناز.

**حەسەن جاف:** بەڵێ، زۆر کوردی خۆش دەویست.

**ڕامان:** زۆر کتێبیشی لەسەر کورد نووسیوە، کاتی خۆیشی کردوویانە بە ئەندامی شاناز (عضو فخري) لە یەکێتیی نووسەرانی کورد؟

**حەسەن جاف:** من تاکوو ١٩٦٤ نووسینم نییە، کە ساڵی ١٩٦٤ لە شاخ گەڕامەوە، دەستم بە نووسین کرد.

**ڕامان:** جارێ با باسی زانکۆ بکەین، ئەو برادەرانەی مەیلی ئەدەبیاتیان هەبووبێت و پێکەوە بووبێتن، کێ و کێ بوون؟

**حەسەن جاف:** سەدرەددین عارف لە زانکۆ لەگەڵم بوو.

**ڕامان:** لە نزیکەوە یەکترتان دەناسی؟

**حەسەن جاف:** هەر لە یەک خانوودا، لە یەکماڵدا گەورە بووین.

**ڕامان:** ئەوە زۆر گرنگە، باسی ئەوەمان بکە؟

**حەسەن جاف:** ئەحمەد سەلام هاوڕێم بوو.

**ڕامان:** لەگەڵ ئەویش هەر بەیەکەوە بوون؟

**حەسەن جاف:** باوکی من و باوکی ئەویش پێکەوە برادەر بوون، هەردووکیان بە یەکەوە سەرباز بوون.

**ڕامان:** م. ئەحمەد سەلام بە ڕەچەڵەک کەرکوکییە؟

**حەسەن جاف:** بە ڕەچەڵەک خەڵکی سلێمانییە، بەڵام لە کەرکووک ژیاوە.

**ڕامان:** کە بەیەکەوە پەروەردە بوون، دیارە پێکەوە مەیلی کتێب و خوێندنەوەتان هەبووە؟

**حەسەن جاف:** بە یەکەوە کتێبمان دەخوێندنەوە، پێکەوە قسەمان دەکرد، بەڵام من نووسینم نەبوو.

**ڕامان:** نووسین نا، هەر تەنیا خوێندنەوە، ئاڵوگۆڕکردنی کتێبتان لەنێوان هەبوو؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، ئاڵوگۆڕکردنی کتێبمان هەبوو.

**ڕامان:** بێجگە لە سەدرەددین عارف، ئەی کەسانی دیکەی وەک ئەحمەد شاکەلی و لەتیف حامید و ئەوانەتان لەگەڵ نەبوو؟

**حەسەن جاف:** نا نا، ئەوان لەگەڵ ئێمە نەبوون.

**ڕامان:** کەسی دیکە لە ئەدیبەکانی کەرکووک لەگەڵتان نەبوو؟

**حەسەن جاف:** بەبیرم نایەت، من کە دەرسم نەبوایە دەچوومە بەشی کوردی، زۆرجار دەچوومە ژوورەوە دادەنیشتم، مامۆستاکان عەلائەددین سەجادی، جگەرخوێن و گۆران بوون، ئەوانە دەرسیان دەگوتەوە، لەبەر ئەوە دەچووم و لە پۆلەکان لەگەڵ قوتابییەکان دادەنیشتم.

**ڕامان:** (شاکر فەتاح)یش بوو، کەواتە ڕێگەیان دەدای لەناو پۆلەکاندا دابنیشی و گوێ لەو مامۆستایانە بگری؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، دادەنیشتم گوێم لە دەرسەکانیان دەگرت.

**ڕامان:** هیچ بیرەوەرییەکت لەگەڵ ئەم مامۆستایانە هەیە؟

**حەسەن جاف:** پێوەندیم لەگەڵ م. عەلائەددین سەجادی زۆر خۆش بوو، هەتا مردیش هەر کە دەچوومە بەغدا، دەچوومە خزمەتی. جاروبار دەچوومە خزمەت جەنابی (م. مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)یش. دیارە م. عەلائەددین سەجادی لە کۆڕی زانیاری بوو. م. شوکر مستەفا، هەموویان بە ڕەحمەتی خوا چوون، هەموو جارێ کە دەچوومە بەغدا، دەچووم سەرم لێیان دەدا، بەڵام ئەوسا هەر مامۆستا (عەلائەددین سەجادی)م دەناسی.

**ڕامان:** یانی هەتا چوویتە قۆناغی زانکۆ، هەر

سەدرەددین عارف و (ئەحمەد سەلام)ت ناسی؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، سەدرەددین عارف و ئەحمەد سەلام بوون، کەسی دیم بەبیر نایەت.

**ڕامان:** ئەی پێوەندیت لەگەڵ لەتیف حامید بەرزنجی نەبووە؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، من پێوەندیم لەگەڵی نەبوو، کە کوللییەم تەواو کرد و هاتمە ئامادەیی کەرکووک، لەوێ وەک مامۆستا دامەزرام، لەتیف حامید لەوێ بوو.

**ڕامان:** لەوێوە بوونە برادەر؟

**حەسەن جاف:** ئەو لەوێ مامۆستا بوو، دوای ٦ مانگ، ساڵی تەواو نەکرد تووشی نەخۆشی بوو و مرد.

**ڕامان:** خوێندنت لە زانکۆ کاریگەری لەسەر نووسەرێتی تۆ چ بوو؟

**حەسەن جاف:** زانکۆ فێری خوێندەواری کردم و چاوی کردمەوە، پاش ئەوەی دامەزرام کۆمەڵێک دۆست و برادەری باشم ناسی، ئەمە هانی دام کە دەست بە نووسین بکەم.

**ڕامان:** لە ساڵی چەند تا چەند لە زانکۆ بووی؟

**حەسەن جاف:** لە ساڵی ١٩٦٢ هەتا ١٩٦٧، ئاخر من ساڵێک چوومە دەرەوە، کە ساڵی سێیەمی خوێندنم بوو.

**ڕامان:** باشە ساڵی سێیەمی خوێندنت تەنگاویان کردی و زۆریان بۆ هێنای، یان هەرخۆت ویستت بچیتە دەرەوە؟

**حەسەن جاف:** لەلایەن ئەمنەوە بڕیاری دەستبەسەرکرانم بۆ دەرچوو.

**ڕامان:** لە ڕێکخستنە نهێنییەکان کارت دەکرد؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، ئەوجا سەیرەکە لەوەدایە، (دوکتۆر حەسەن جاف)یش لەوێ بوو، چووبوون بۆ ئەو، دوایی هاتنە گیان من. من ئەو کاتە هاتمەوە بۆ کەرکووک. لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا، من و دوکتۆر جەمال ڕەشید بووین، کابرایەکی تورکمان گوتی ئەمانە شیوعین، لە کوللییەی پەروەردە، لە قوتابییەکانی ئێمەیان داوە.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو؟

**حەسەن جاف:** ساڵی ١٩٦٣ بوو، کە بەعسییەکان هاتبوونە سەر حوکم، گوتمان ئێمە هەردووکمان قوتابیی کوللییەی ئادابین، شیوعیش نین، ئێمە پارتین، چونکە ئەو ساڵە پارتی وتووێژەکانی لەگەڵ حکوومەت هەبوو. گوێیان نەدایە قسەکانمان، هەردووکمانیان گرت، ئیدی پاش ئەوە هاتمە کەرکووک، لەوێ کرام بە بەرپرسی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان- لقی کەرکووک، ماوەیەک کارم کرد و دواتر چوومە دەرەوە.

**ڕامان:** تۆ لەگەڵ دوکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد و ئەوانەش برادەرایەتیت هەبووە؟

**حەسەن جاف:** جەمال ڕەشید لە بەشی کوردی بوو، دوکتۆر حەسەن (کەریم) جاف لە بەشی مێژوو بوو، لەگەڵ د. حەسەن جاف پێوەندی برادەرایەتیمان نەبوو، بەڵام لەگەڵ جەمال ڕەشید برادەرایەتیم هەبوو.

**ڕامان:** هەر دووراودوور یەکترتان دەناسی و مەرحەباتان لەگەڵ یەک هەبوو، یان ناو بە ناو یەکترتان دەدی؟

**حەسەن جاف:** جەمال ڕەشیدم هەر لە کەرکووکەوە دەناسی. باوکی لە کەرکووک ئوتێلی هەبوو.

**ڕامان:** ئیدی تۆ بەهۆی ئەو ڕاپۆرتەوە بوو کە نەتتوانی بچیتەوە بۆ زانکۆ بخوێنی، بۆیە چوویتە دەرێ؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ.

**ڕامان:** لە دەرێ چوویتە چ ناوچەیەک؟

**حەسەن جاف:** چوومە ناوچەی پیرەمەگروون.

**ڕامان:** چەند ساڵ لە پیرەمەگروون مایتەوە؟

**حەسەن جاف:** نزیکەی ساڵێک لەوێ مامەوە، لەوێ دۆست و برادەرم زۆر بوو. هەندێکیان بەڕەحمەتی خوا چوون. سەرەتای ساڵی ١٩٦٤ جودابوونەوەکە دەستی پێکرد، لەوەوە گوتم تەواو، ئیدی من نایکەم.

**ڕامان:** هەر ئەو کاتە هاتیتەوە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، ئەوان بەشێکیان چوون بۆ ئێران، من گوتم بۆ هیچ کوێ ناچم، دەچمەوە کوللییەکەم تەواو دەکەم.

**ڕامان:** کە هاتییەوە لێخۆشبوون هەبوو؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، لێخۆشبوون هەبوو، هاتمەوە و چوومەوە بۆ کوللییەکەم.

**ڕامان:** ژیانی پێشمەرگایەتی تۆ هەر ئەو ساڵە بوو؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ.

**ڕامان:** کەواتە ساڵی ١٩٧٤ نەچوویتە دەرەوە؟

**حەسەن جاف:** نا، نەچوومە دەرەوە.

**ڕامان:** تۆ یەکەم جار لە کەرکووک دامەزرای؟

**حەسەن جاف:** ئەوە لە تەلەڤزیۆنیش باسی ئەو بابەتەم کرد، هەندێ کەس ڕەخنەیان لێگرتم کە بۆچی وات گوت و بۆچی وات نەگوت. گوتم ئەوە هەقە و دەبێ هەق وەک خۆی بگوترێت.

**ڕامان:** هەقەکە چییە؟

**حەسەن جاف:** نەنکم نانەوایی ماڵانی دەکرد و مانگی ٤ تا ٥ دیناری بۆ دەناردم. لە بەشەناوخۆیی دەخەوتم و هەر لەوێش نانم دەخوارد، ئەو پارەیە بەشی نەدەکردم، بەڵام هەر چۆنی بوو دەمگوزەراند.

**ڕامان:** کە لە دەرەوە هاتیتەوە و حەزت کرد درێژە بە خوێندنەکەت بدەی، گەڕایتەوە بەشی ناوخۆیی؟

**حەسەن جاف:** کە لە دەرەوە هاتمەوە، ئەوکاتە لە بەشی ناوخۆیی دەرکرابووم، ئەوەش مانای ئەوە بوو کە ناتوانم درێژە بە خوێندن بدەم. خاڵیشم کە کاری عەرزوحاڵچێتی دەکرد، دەستی کورت بوو، خاڵەکەی دیکەم دۆخی دارایی باش بوو، بەڵام ئەو پارەی نەدەدامێ، ئەوەیان گوتی بۆ کێ چووەتە دەرەوە، با ئەو پارەی بداتێ.

**ڕامان:** کە ئەو دەرگایانەت بەڕوودا داخراوە، دوایی چۆن زانکۆت تەواوکرد؟

**حەسەن جاف:** لەگەڵ برادەران بۆ خواحافیزی لە یانەی کوللییەی ئاداب دانیشتبووین، ئیدی بە تەما بووم واز لە خوێندن بێنم و بڕۆم، لەو کاتەدا شێخ جەبار تاهیر شەریف، برای شێخ عەبدولستار تاهیر شەریف هاتە لام، هەتا ئەم دەقەیەی کە لە خزمەت جەنابتدا دانیشتووم نازانم کێ بە شێخ جەباری گوتبوو کە من واز لە خوێندن دێنم، یەکسەر هات و سڵاوی نەکرد، گوتی حەسەن، ئەوە بۆ واز لە خوێندنی کوللییە دێنی؟ گوتم یاشێخ، تۆ لە کەرکووک ژیاوی و من دەناسی، نەنکم نانەوایی ماڵان دەکات، تا ئێستاش لە بەشی ناوخۆیی بووم، خواردن و خەوتنم مسۆگەر بوو، ئێستە بە ٥ دینار بەڕێوە ناچم. گوتی هەستە با بڕۆین. گوتم بۆ کوێ؟ گوتی هەستە و هەقت نەبێ، بێگومان ئەوسا شێخ جەبار تاهیر شەریف، وەک ئەوە نەبوو کە دوایی بوو.

**ڕامان:** بۆ سەرەتا سەر بە کوێ بوو؟

**حەسەن جاف:** ..... سەرەتا منی بۆ ڕۆژنامەی «صوت العرب» برد، لەوێ بەڕێوەبەری کارگێڕی بوو.

**ڕامان:** دیارە ئەو کاتە سەر بە بەرەی کورد بووە؟

**حەسەن جاف:** لە ڕۆژنامەی «صوت العرب»

بوو.

**ڕامان:** لە بەرژەوەندیی کورد کاری دەکرد؟

**حەسەن جاف:** ناوی خۆی گۆڕیبوو، کردبووی بە عەبدولجەبار تاهیر ئەلتائی. بەهەرحاڵ، بردمی بۆ لای فەوزی عەبدولواحیدی سەرنووسەر، دیارە پێشتر پێی گوتبوو، ئیدی گوتی ئەمە (حەسەن جاف)ـە. گوتی با وتارێکم بۆ بنووسێ، بزانم عەرەبییەکەی چۆنە. دیارە ئێمە خوێندمان بە عەرەبی بوو.

**ڕامان:** وتارەکەی نووسیت چی بوو؟

**حەسەن جاف:** ئێستاش لەبیرمە، ئەگەر ڕۆژنامەکە مابێت ئەو وتارەی تێدایە: (مؤتمرات القمة والانحدار نحو القاع)، یەکەم کۆبوونەوەی لووتکەی عەرەبی کرابوو، بۆیە ئەو وتارەم نووسی و بۆم برد. گوتی داینێ و بەیانی وەرەوە، بەیانی دەبینم وتارەکەی من لە شوێنی سەروتاری ڕۆژنامەکەدا چاپ بووە، ئیدی کە چوومەوە ڕۆژنامەکە، شێخ جەبار بردمییەوە بۆ لای، سەرنووسەر پێی گوت تۆ بەمنت گوت ئەمە کوردە. منیش گوتم ئوستاد ئێمە ئێوەمان فێری زمانی عەرەبی کردووە. پێکەنی و گوتی بڕۆ کاکە لە ژووری ژمارە ٢، بەشی سیاسەتی نێودەوڵەتی، لەوێ مێز و کورسیم بۆ داناوی، لەوێ کار بکە.

**ڕامان:** مانگانەی کارکردنت لەو ڕۆژنامەیەدا چەند بوو؟

**حەسەن جاف:** مانگانە ٢٥ دینار بوو، ئەوسا ٢٥ دینار پارەیەکی زۆر بوو. یەکەم مانگ سێ چوار ڕۆژی لێ تێپەڕیبوو، بۆیە سەری مانگ ١٦ دینارم وەرگرت. بەسەری برایەتیمان ٦ جار چوومە ئاودەستخانەکە ژماردم. ئاخر قەت پارەی وام بەخۆمەوە نەدیبوو (بە پێکەنینەوە). ئەوە یەکەم مووچە بوو، سواری ئۆتۆمبێل بووم و هاتمەوە بۆ کەرکووک. بە نەنکمم گوت تەواو. گوتی چی تەواو؟ گوتم ئیدی بۆ کەس نان ناکەی. گوتی بۆ؟ گوتم تۆ بۆ من کارت نەدەکرد؟ دەی من ئەوە دامەزراوم و مووچەم هەیە. گوتی باشە ئیدی نان ناکەم، تەنیا بۆماڵی خاڵەکانت و پوورت نەبێ. گوتم باشە.

**ڕامان:** بێجگە لە خۆت، لەو ڕۆژنامەیەدا کوردی دیکەی لێ بوو؟

**حەسەن جاف:** کە چوومە ڕۆژنامەی «صوت العرب»، سەدرەددین عارف لەوێ وەرگێڕ بوو.

**ڕامان:** کێی دیکە ئیشی لەگەڵتان دەکرد؟

**حەسەن جاف:** حەسەن عەلەوی، فەلاح ئەلعماری، سامی مەهدی لەوێ بوون، کە دوایی بوو بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی جمهووری، ئەمانە هەمووی لەوێ بوون، ئەوجا لەوێ دەستم بە نووسین کرد، لەو ڕۆژنامەیەدا کەوتمە خۆم و گۆشەیەکم نووسی.

**ڕامان:** گۆشەکە ڕۆژانە، یان هەفتانە بوو، ناوی چ بوو؟

**حەسەن جاف:** گۆشەکە هەفتانە بوو، بە سەرناوی «کلمات عابرة»ـەوە بوو.

**ڕامان:** پێش ئەوەی لەو ڕۆژنامەیەدا دابمەزرێیت و ئەو وتارە بنووسی، پێشتر هیچ نووسینێکی دیکەت بە زمانی عەرەبی نووسیبوو؟

**حەسەن جاف:** هەرگیز یەک دێڕم نەنووسیبوو، ئەوە یەکەم نووسینم بوو.

**ڕامان:** ئەی زانیاریت لەمەڕ خوێندنەوە و کتێب و دۆخی سیاسی و ئەو جۆرە شتانەوە چۆن بوو؟

**حەسەن جاف:** خوێندنەوەم هەبوو، زۆر زۆرم دەخوێندەوە، بەڵام نووسینم نەبوو.

**ڕامان:** ئەم کارەت لەو ڕۆژنامەیەدا تاکەی بڕی کرد؟

**حەسەن جاف:** دوای ئەوە، شێخ جەبار

پیاوەتییەکی دیکەی لەگەڵم کرد، بە فەوزی عەبدولواحیدی گوت، ئەویش تەلەفۆنی بۆ بەڕێوەبەری گشتیی وەکالەی ئەنبای عێراقی (ئاژانسی دەنگ و باسی عێراق) کرد، کە ناوی عەبدوللەتیف ئەلکەمالی، برای شەفیق ئەلکەمالی بوو.

**ڕامان:** شەفیق ئەلکەمالی -ی شاعیر کە ماوەیەک کرایە وەزیری ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی عێراق و دوایی لە سێدارەیان دا.

**حەسەن جاف:** بەڵێ، شێخ جەبار پێی گوت دەمەوێ ئەمەم بۆ دامەزرێنی، ئەوە بوو لەوێش دامەزرام.

**ڕامان:** واتە لە دوو شوێن کارت دەست کەوت؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، جا دەوامەکەم چۆن بوو، لە سەعات ١٢ـەوە بۆ ٤ی عەسر لە ڕۆژنامەی «صوت العرب» بووم، لە سەعات ٦ـەوە بۆ ١٢ی شەو لە وەکالەی ئەنبای عێراقی بووم.

**ڕامان:** ئاژانسی دەنگوباسی عێراق کوردی لێ بوو؟

**حەسەن جاف:** لە وەکالەی ئەنبا، مامۆستا حەمە بۆرم ناسی، هەردووکمان لەسەر ئێزگەی لەندەن بووین، من بەشی عەرەبی و ئەویش فارسی. هەواڵ و ڕاپۆرتەکانمان وەردەگرت و تۆمارمان دەکردن، دوایی دەمانگواستنەوە سەر کاغەز و دەماندانە بەشی چاپ، ئەوانیش چاپیان دەکردن و بەسەر دایرەکاندا بڵاویان دەکردنەوە، ئیدی بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا دەستێک جلم بۆخۆم کڕی.

**ڕامان:** مووچەکەی (ئاژانسی دەنگوباسی عێراق)ت چەند بوو؟

**حەسەن جاف:** مووچەم زۆر بوو، ١٥ لەوێ و ٢٥ لەوێ، دەیکردە ٤٠ دینار. عەسکەر ڕەزا هەبوو، کوردی ئەودیو بوو، لە بەغدا بەرگدروو بوو، یەکەم جار بوو لە ژیانمدا لای ئەو قاتێکم بۆخۆم کرد (بەپێکەنینەوە).

**ڕامان:** ئەو ئیشانەت بەساڵ، چەند ساڵی خایاند؟

**حەسەن جاف:** هەتا لە زانکۆ دەرچووم.

**ڕامان:** واتە نزیکەی دوو ساڵ خەریکی ئەو دوو کارە بووی؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ.

**ڕامان:** کە دەرچووی ئیدی لە کەرکووک دامەزرای؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، دانەمەزرام، کە لە زانکۆ دەرچووم، ساڵی ١٩٦٧ جەنگی نێوان عەرەب و ئیسرائیل بوو، دامەزراندن نەبوو. لەگەڵ حکوومەتی سعوودی گرێبەستی کەسیم بەست، چووم بۆ مەککە لە قوتابخانەی ناوەندیی جنوب، لەوێ بووم بە مامۆستا.

**ڕامان:** هۆکاری چوونەکەت بۆ ئەوێ هەر ئەوە بوو کە دامەزراندن نەبوو؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، دامەزراندن نەبوو، سێ ساڵ لە سعوودیە و ساڵێکیش لە جەزائیر بووم، پاشان هاتمەوە، ئەوجا دامەزرام.

**ڕامان:** سێ ساڵ لە وڵاتی سعوودیە و ساڵێک لە جەزایر، بە زمانی عەرەبی جوگرافیات گوتەوە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەوان لەو ساڵانەدا پێویستیان بە مامۆستا بوو، چونکە لەو ساڵانەدا دەیانویست خوێندن و پەروەردە بکەنە عەرەبی؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، ئەوان مامۆستایان کەم بوو، دوای ئەوەی ئێمەیان دامەزراند، ساڵی ١٩٦٩- ١٩٧٠، بەو مەرجە دایانمەزراندین کە بچین بۆ جەزایر، چونکە لەوێ هەڵمەتی

بەعەرەبییکردنی خوێندن دەستی پێکردبوو، خۆت دەزانی جەزایر پێشتر بەهۆی داگیرکاری فەرەنسییەوە بە فەڕەنسی دەیانخوێند. ئێمەیان بردە ئەوێ کە بە عەرەبی دەرس بڵێینەوە.

**ڕامان:** لە جەزایر لە چ شارێک بووی؟

**حەسەن جاف:** من چوومە جەزایر، لە شاری تلمسان، لە دارولموعەلمین، کە لەوێ کچ و کوڕ تێکەڵە، مامۆستای ژن و پیاو جودا نین، ئیدی ساڵێک لە جەزایر بووم بە مامۆستا، دوایی هاتمەوە و لە کەرکووک دامەزرام.

**ڕامان:** تۆ چوار ساڵ لە سعوودییە و جەزایر مامۆستا بووی، ئەو ئەزموونی وانە گوتنەوەیە چ قازانجێکی بە تۆ گەیاند؟

**حەسەن جاف:** قازانجەکەی هەر ئەوە بوو، وابزانم دوو چیرۆکم لەسەر جەزایر نووسیوە، ڕۆژانی تلمسان، شەوانی تلمسان، شتێکی لەو بابەتەم نووسی.

**ڕامان:** دوو چیرۆکەکەت پێوەندییان بە کوردەوە هەبوو؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، پێوەندیی بە ئەزموونی خۆمەوە هەبوو لەگەڵ کچێکی ئەوێ.

**ڕامان:** چیرۆکەکانت بە عەرەبی بوون؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، بە کوردی بوون.

**ڕامان:** گوتت دوای چوار ساڵ گەڕایتەوە و لە کەرکووک دامەزرای؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ.

**ڕامان:** یەکەم دامەزرانیشت لە ناوەندیی کەرکووک بوو؟

**حەسەن جاف:** نا، یەکەم دامەزرانم لە ناوەندیی تازەخورماتوو بوو، هەرچەند گوتم من چوار ساڵ مامۆستایەتیم کردووە، گوێیان لێ نەگرتم و سوودی نەبوو، خۆی دەبێ سێ ساڵ لە دەرەوەی شار مامۆستا بی، من چواریشم هەبوو لەبەرچاویان نەگرت.

**ڕامان:** ئەو چوار ساڵەت بە خزمەت بۆ حیساب نەکرا؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، دوایی نامەم نووسی و بە خزمەت بۆیان حیساب کردم.

**ڕامان:** ئەی یەکەم جار (م. لەتیف حامید بەرزنجی)ی چیرۆکنووست چۆن و لە کوێ ناسی؟

**حەسەن جاف:** وابزانم دوو ساڵ، یان سێ ساڵ، باشم لەبیر نییە، لە تازەخورماتوو بووم، دوایی هاتمەوە کەرکووک و درام بە ناوەندیی باوەگوڕگوڕ، کە لەگەڵ دواناوەندیی کوردستان بە یەکەوە دەوامیان دەکرد. دوایی من خۆم درام بەدواناوەندی، بەڵام ناسینی لەتیف حامید بەرزنجی، یادی بەخێر، لەوێوە بوو. من لە ناوەندیی باوەگوڕگوڕ بووم، ئەو لە دواناوەندیی کوردستان بوو، من کە دەهاتم، ئەو دەڕۆیی، ئیدی لەو هاتوچۆیەدا مەرحەبامان پەیدا کرد و یەکترمان ناسی.

**ڕامان:** زۆر لێک نزیک بوونەوە؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، هەر مەرحەبا و چاکوچۆنیمان هەبوو، ئیدی دوای ماوەیەک دیار نەما، گوتیان مردووە.

**ڕامان:** ئەو چیرۆکنووس و ڕۆشنبیرە گەورەیە کەسایەتییەکی گرینگە، ئەو ماوەیەی کە مەرحەبات کردووە، یان دووراودوور ناسیوتە، کەسایەتییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکەی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

**حەسەن جاف:** بەلای بۆچوونی خۆمەوە، باشترین هەڵسەنگاندنی من بۆ لەتیف حامید بەرزنجی، ئەوە بوو کەوا هەموو چیرۆکەکانیم کۆ کردەوە و لێکۆڵینەوەیەکم بە ناوی (پاڵەوان لە چیرۆکەکانی لەتیف حامید)دا لەسەر نووسی.

**ڕامان:** هەر ئەو شەش دانە چیرۆکەی هەیە؟

**حەسەن جاف:** من هەر ئەو شەش چیرۆکەم دۆزییەوە.

**ڕامان:** ئەوانەی کە بڵاوت کردنەوە؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، ئیدی نازانم ئی دیکەی هەبووبێ، یان نا.

**ڕامان:** ئەی کەسوکارەکەی پێیان نەگوتی بەرهەمی دیکەی هەیە، یان هەر ئەوەندە بوو؟

**حەسەن جاف:** لە ناو کەسوکارەکەی هەر (لەتیف هەڵمەت)م دەناسی. وابزانم ئامۆزایەتی، ئەویش گوتی هەر ئەوەندەی هەیە.

**ڕامان:** ئەو چیرۆکنووسە بەو (٦) کورتە چیرۆکەی سەلماندی کە یەکێکە لە ڕۆشنبیرە نوێخوازە گەورەکانی کورد، وەک زانیومە لەبەر ئەوەی مامۆستای زمانی عەرەبی بووە و لە ڕووی داراییەوە وەزعی باش بووە، بەردەوام هاتوچۆی بەغدای کردووە، کتێب و سەرچاوەی نوێی دەست کەوتووە و کڕیوە، قوتابی و گەنجەکانی دەوروپشتی خۆی بۆ خوێندنەوە هان داوە، بۆ ئەوەی ئەو سەرچاوە نوێیانە بخوێننەوە. زۆر کەس هەن کە لافی نوێخوازی و شاعیرایەتی لێ دەدەن، لەژێر کاریگەریی ئەم پیاوەدا شیعر و چیرۆکیان نووسیوە، تۆ لەو ڕووەوە هیچ زانیارییەکت هەیە؟

**حەسەن جاف:** من دوو کەس دەناسم، بێگومانم کاریگەریی لەتیف حامیدی ڕەحمەتییان لەسەرە، یەکەمیان (لەتیف هەڵمەت)ـە، لەبەر ئەوەی لەتیف هەڵمەت ئامۆزایشی بوو. دووەمیان سەلام محەمەدە، سەلام محەمەد قوتابیی لەتیف حامید بوو، من دەرسم بە سەلام محەمەد نەگوتووە، چونکە لەدواناوەندیی کوردستان بوو، م. لەتیف حامید دەرسی پێ دەگوتەوە. ئەو زۆر کاریگەریی لەتیف حامیدی بەسەرەوە بوو.

**ڕامان:** لەتیف هەڵمەت هەر تەنیا کاریگەری لەتیف حامیدی بەسەرەوە بووە، یان دەستکاری شیعرەکانیشی کردووە؟

**حەسەن جاف:** سەداسەد کاریگەری لەسەر هەبوو، شتێکیش هەیە، من حەز ناکەم باسی بکەم.

**ڕامان:** ئەی لەتیف حامید بەرزنجی بۆچی خۆی باسی نەدەکرد، یان بۆچی ئەو شیعرانەی خۆی بڵاو نەدەکردەوە؟

**حەسەن جاف:** ئەو زیاتر حەزی لە چیرۆک بوو.

**ڕامان:** بەپێی زانیاری تۆ دەستی شیعر نووسینیشی هەبوو؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ.

**ڕامان:** لەتیف حامید بەرزنجی چیرۆکەکانی چڕبوونەوە و زمان و نەفەسی شیعریان تێدایە.

**حەسەن جاف:** زۆر زۆر، بەداخەوە لەتیف حامید زۆر زوو مرد، لەتیف حامید گەنجینە بوو، کەسێکی زۆر زیرەک و خوێندەوار بوو، بە هەموو مانای وشە ڕۆشنبیر بوو، بەڵام بەداخەوە، نازانم ئەو نەخۆشییە کتوپڕە چی بوو تووشی بوو، لەپڕ لێی پەیدا بوو و کوشتی. زۆر گەنج بوو، تەمەنی نەگەیشتبووە چل ساڵ.

**ڕامان:** باشە کەسانی دیکە بۆچی پێیان عەیبە باسی کەسێک بکەن کە کاریگەریی بەسەر سەرەتاکانی نووسینیانەوە هەبووە؟

**حەسەن جاف:** بە بۆچوونی من ئەو کەسانە لە خۆیاندا هەست بە کەموکووڕی دەکەن، ئەگینا من ئەگەر کاریگەریی لەتیف حامیدم لەسەر بێت، کە لەسەرم نییە، شانازی پێوە دەکەم.

**ڕامان:** بەتایبەتی لە سەرەتای نووسینەوە، کاریگەریی کەسانی دیت لەسەر بێ، شتێکی

زۆر ئاسـاییيه؟

**حەسـەن جاف:** ئـەی وا نییـە! دەنـا کاریگەریـی هەرکەسـێکی دیکـەت بەسـەرەوە بـێ ئاسـاییيە. مـن کتێبـم بـە عەرەبـی نووسـی، بـە داخـەوە لـە بەغـدا پێشکەشـەکەیان لابردبـوو، نووسـیومە: «الـی الرجـل الـذي أدیـن لـه بالكثیـر مااسـتطیع الوفـاء بـه، خالـي و معلمـي الملا ئەحمـەد حەمەمـوراد گەلالـی»، بـە شـانازییەوە ئـەوەم نووسـی.

**ڕامان:** ئەو پێشکەشەیان بۆچی لابردبوو؟

**حەسـەن جـاف:** نازانـم، هـەر ئـەوە نەبـوو، زۆر شـتیان لـێ لابردبـوو، بـە نامیلکـە چاپیـان کـرد، لـە دادگا شـکایەتم لـێ کـردن، کـەس وەڵامـی نەدامـەوە.

**ڕامان:** وا بزانم تۆ سەر بە عەشیرەتی گەلالّیت؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ.

**ڕامـان:** ئـەو گەلالّییـەی کـە عەشیرەتەکەی تۆیـە، کەوتووەتـە کوێی کوردسـتانەوە؟

**حەسـەن جاف:** ئـەو گەلالّییەی کـەوا مەڵبەندەکەی گوندی (حاسڵ)ـە لە شارەزوور.

**ڕامـان:** واتـە ئـەو عەشـیرەتەی تـۆ جیایـە لـەو گونـدی گەلالّەیـەی لـە دەڤـەری باڵەکایەتییـە؟

**حەسـەن جاف:** وەک عەرزم کردی، مەڵبەندەکەی (حاسڵ)ـە، ئێسـتاش سـەرۆکی عەشیرەتەکە ماوە، نـاوی مـارف ئاغایـە، خـوا تەمەنـی درێـژ بـکا، ماڵـی لە سـلێمانییە.

**ڕامـان:** کاتـی خـۆی مـن شـتێکم بیسـت گوایـە موسـڵیح جەلالـی کـە بەڕێوەبـەری گشـتیی دەزگای ڕۆشـنبیریی و بڵاوکردنـەوەی کـوردی بـوو لـە بەغـدا، کێشـەی بـۆ کتێبێکـت دروسـت کردبـوو، ئـەو کتێبـەی کـە لێکۆڵینەوەیەکـە سـەبارەت بـە چیرۆکـی نوێـی کـوردی، ئـاگام لێیـە کتێبەکـەت هەمـووی چـاپ کرابـوو، بەرگەکـەی مابـوو، دایێنابـوو لەسـەری بنووسـی حەسـەن جەلالـی، کـە لـە سـلێمانی یەکترمـان بینـی و پێـم گوتـی ئـەو کتێبـەت چـی بەسـەر هـات، گوتـت ئـەوە لـە کێشـەدایە، لەبـەر ئـەوەی بەڕێوەبـەری گشـتی دەیـەوێ شـتێکی وا بـکات، ئەوەمـان بـۆ بـاس بکـە، مەسـەلەکە چییـە و چـۆن بـووە؟

**حەسـەن جـاف:** بـا عـەرزت کـەم، خـۆی شـتەکە بـەم جۆرەیـە، کتێبـی چیرۆکـی نوێـی کـوردی، یەکەم کتێبـم بـوو کـە پێشکەشـی پنـە و ساج و تیرۆکەکەی نەنکـم کـرد، کـە بـە نانەوایـی مـاڵان بەخێـوی کـردم، ئـاوام نووسـیبوو. دابوویـان بـە شـارەزایەک، کابـرای شـارەزا لـە یانـەی مامۆسـتایانی سـلێمانی گوتبـووی کتێبێکـی (حەسـەن جاف)یـان داومەتـێ، بەبـێ ئـەوەی بیخوێنمـەوە ڕەتـم کردووەتـەوە.

**ڕامـان:** ئـەوە چ ڕقێکـی ئەسـتوورە بەرانبـەر بـە تـۆ هەیبـووە و لـە تـۆی هەڵگرتـووە؟

**حەسـەن جـاف:** مـن نـاوی کەسـەکە نابـەم، ئیـدی پـاش ماوەیـەک موسـڵیح جەلالـی ناردی بـە دوامـدا، کـە چوومـە ژوورەکـەی، (شـێخ عەبدولسـەتار تاهیـر شـەریف)م دی لـەوێ دانیشـتبوو. گوتـم فەرمـوو کاک موسـڵیح، بۆچـی ناردووتـە بەدواما؟ گوتـی تـۆ ئـەو کتێبـەت ئـاوای لـێ بەسـەر هاتـووە، برادەرێـک بـەو جـۆرە ڕەتـی کردووەتـەوە، گوتیشـی کەسـێک هـات ئـەوەی بـە مـن گـوت، کابـرا بـە دەمـی خـۆی گوتوویەتـی کتێبەکـەی حەسـەن جـاف پێـش ئـەوەی بیخوێنمـەوە ڕەتـم کردووەتـەوە، لەبـەر ئـەوە ئێسـتا داومـە بـە شـارەزایەکی دیکـە، بۆیـە وا دواکەوتـووە. گوتـم ئـەوە کـێ بـوو؟ هێندێـک خـۆی بـوارد، شـێخ سـتار پێـی داگـرت و گوتـی توخـوا بیڵـێ، بزانیـن ئـەوە کـێ بـووە. گوتـی (..............) بـوو، کـە هەسـتام بـڕۆم، شـێخ سـتار پێـی گوتـم مـەڕۆ کارم پێتـە. کـە چووینـە دەرەوە گوتـی بـا بڕۆیـن بـۆ ماڵـەوە. گوتـم بـۆ؟ گوتـی بـا بڕۆیـن کارم پێتـە. بردمـی بـۆ ماڵـەوە، نامەیەکـی نیشـانم دا، کـە ئـەو

کەسە بە هۆی براکەیەوە بۆ شێخ ستاری ناردبوو و تێیدا نووسیبووی ئامادەیە هەموو شتێک بکات، تەنیا لێی ببوورن و سووکایەتی پێ نەکەن و ئەو جۆرە شتانە.

**ڕامان:** ئەی چیرۆکەکەت کامەیە کە نازناوی گەلاڵی لێ لابرابوو؟

**حەسەن جاف:** ئەوەی جەنابت دەفەرمووی، من چیرۆکێکم ناردبوو، دوای ئەوەی موسڵیح جەلالی پرسی و پێم گوت من گەلاڵی-م، گوتی گەلاڵی نییە، ئەمە جەلالییە، گوتم جەلالی و گەلاڵی دوو عەشیرەتی جیان، ئێمە جافین. سەرت نەیەشێنم، چیرۆکێکم بۆ گۆڤاری بەیان ناردبوو، ناوەکەمی گۆڕیبوو، کردبووی بە حەسەن عەباس بەهرام، گەلاڵی لابردبوو، نەشینووسیبوو جەلالی. برادەری وا هەبوو لێمی دەپرسی، ئەم (حەسەن عەباس بەهرام)ـە کێیە، ئەمە لەوە ناچێ چیرۆکنووسێکی تازە بێت، قەتیش ئەو ناوەمان نەبیستووە. گوتم بابە وەڵاهی ئەوە منم، ئەوە موسڵیح جەلالی ناوەکەمی گۆڕیوە، چووم گوتم کاک موسڵیح بۆچی وات کردووە! ئەویش گوتی تۆ قبووڵ ناکەی بنووسم جەلالی، منیش نانووسم گەلاڵی. گوتم ئاخر ئیدی منیش لێرە هیچ نانووسم، گوتی مادام ئەو بڕیارەت داوە و وا دەکەی، منیش بڵاوی ناکەمەوە.

**ڕامان:** باشە ئێستا باسی (عەبدولستار تاهیر شەریف)ت کرد، پێشتریش باسی جەباری برایت کرد، ئەم هاوکاریکردنەی تۆ لە لایەن ئەو دوو برایەوە، هەر بە بۆنەی هاوشاری بوون و کەرکووکیبوونەکەیە، یان چییە؟

**حەسەن جاف:** هەر بە بۆنەی کەرکووکی بوونەوەیە و هیچی دیکە نەبووە. ئێمە کەرکووکین و پێشتر یەکتریمان دەناسی، پێوەندیمان لەگەڵ یەکدی هەبوو، مەرحەبامان هەبوو، بابەتەکە هەر ئەوە بوو.

**ڕامان:** ئاخر لەوەتای من تۆ دەناسم زیاتر بەلای لایەنی نەتەوەییدا دەشکێنیتەوە، ئەوانیش زیاتر بە لای حکوومەت و عێراقچێتی و ئەوانەدا دەچوون؟

**حەسەن جاف:** خۆی بۆچوونی نەتەوەیی بە مانای ئەوە نییە، واز لە خەڵکی دی بێنی، دۆست و برادەر هەر هەیە، کەسوکار هەر هەیە، بەتایبەتی کەرکووکی. زۆر کەس هەن شیوعی بوون و هەر برادەرمن، زۆر کەس هەن پارتی و یەکێتی و ئەوانەن، هەموویان هەر برادەرمن، ئاخر ئێمە بە یەکەوە ژیاوین، لە شارێکدا بووین. نەک شێخ ستار و شێخ جەبار، لەگەڵ هەندێکیان لە قوتابخانەش بە یەکەوە خوێندوومانە. بۆ نموونە، سەدرەددین عارف، کاتی خۆی شیوعی بوو، دەی لە قوتابخانە بە یەکەوە بووین، تەنانەت لە ماڵەوەش هەر لە یەک ماڵدا بووین، ئێمە کرێچیی ئەوان بووین.

**ڕامان:** ئەو کاتەی بە یەکەوە لەگەڵ سەدرەددین عارف لە ڕۆژنامەی «صوت العرب» کارتان دەکرد، لێرەوە زیاتر لە جاران بوون بە برادەر؟

**حەسەن جاف:** ئێمە هەر لە زووەوە برادەر بووین.

**ڕامان:** ئەو کاتانەی پێکەوە لەو ڕۆژنامەیە بوون، سەدرەددین عارف کاری ئەدەبی دەکرد؟

**حەسەن جاف:** وەک باسم کرد لە ڕۆژنامەی «صوت العرب» وەرگێڕ بوو، بەڵام وابزانم تاکوو زانکۆی تەواو کرد، هیچی بڵاو نەکردبووەوە.

**ڕامان:** تۆ چ لێکدانەوەیەکت بۆ ئەوە هەیە کە سەرەتاکانت بە سیاسەت دەست پێکردووە، زیاتر وتاری سیاسیت نووسیوە، نەک ئەدەبی،

هەتا کەی لە نووسینی وتاری سیاسی بەردەوام بووی؟

**حەسەن جاف:** هەتا ساڵی ١٩٧٠، ئەو کاتەی لە جەزایر هاتمەوە، من لە سعوودییە و لە جەزایریش وردە نووسینم هەبوو، بەڵام زۆر کەم بوون.

**ڕامان:** ئەوانیش وتاری سیاسی بوون؟

**حەسەن جاف:** بابەتی گشتی بوون، زیاتر بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەوانە بوون، بەڵام کە هاتمەوە، برادەرێک ڕەخنەی لێگرتم، گوتی یانی چی تۆ بە عەرەبی دەنووسی!

**ڕامان:** ئەوە کێ بوو وای پێ گوتی، چونکە منیش لەگەڵ ئەو هاوڕام، هەر ئەو ڕەخنەیەم لێت هەیە؟

**حەسەن جاف:** بەهەرحاڵ، دوایی ناوەکەیت پێ دەڵێم. گوتم بۆ نازانی من کەرکووکیم و ئێمە لە کەرکووک خوێندنی کوردیمان نەبووە، هەر بە عەرەبی خوێندوومە، عەرەبییەکەم لە کوردییەکەم باشترە. گوتی باشە تۆ بە تەمای لەنێو ١٥٠ ملیۆن عەرەبدا ببی بە چی؟ گوتم بەتەمای هیچ نیم، بەڵام کوردی نازانم.

**ڕامان:** چاکی پێ گوتووی.

**حەسەن جاف:** بەڵێ، گوتی عەیب نییە تۆ دەڵێی من کوردی نازانم، تۆ کوردی. گوتم وەڵاهی ڕاست دەکەی. دەستم بە خوێندنەوەی کوردی کرد، هەڵبەت لەوەپێش بە کوردی دەمخوێندەوە، بەڵام ئەمجارە بە چڕی دەستم پێکرد. نازانم ساڵی ١٩٧٠، یان ساڵی چەند بوو، یەکەم چیرۆکم بە ناوی (شوان و شمشاڵ) بۆ پاشکۆی برایەتی نارد، بەداخەوە وابزانم مامۆستا محەمەد بەدری بوو، خوا عافووی بکا، وایزانیبوو چیرۆکی منداڵانە، لە بەشی چیرۆکی منداڵاندا بڵاوی کردبووەوە، ئەوە یەکەم چیرۆکم بوو بە زمانی کوردی بینووسم.

**ڕامان:** دیارە بە ناوونیشانەکەی تێکەوتبوو!

**حەسەن جاف:** ئا، شوان و شمشاڵ، وایزانیوە بۆ منداڵم نووسیوە.

**ڕامان:** تۆ بۆچی بە چیرۆک دەستت پێکرد، چۆنە بە شیعر دەستت پێ نەکردووە؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، منیش بە شیعر دەستم پێکرد، شیعرم یەکجار زۆر بوو.

**ڕامان:** دەی کەواتە باسی ئەو شیعرانەی خۆتم بۆ بکە، لەکەیەوە خەریکی شیعرنووسین بووی، شیعرەکانت بە کوردی بوون؟

**حەسەن جاف:** بەڵێ، بە کوردی بوون.

**ڕامان:** واتە پێش ئەوەی ئەو برادەرەت گلەییت لێ بکا، تۆ بە کوردی شیعرت نووسیبوو؟

**حەسەن جاف:** نەخێر، دوای ئەو قسەیە بوو. لە زانکۆش هەندێ شتم هەبوو، بەڵام کەم بوون، دوای ئەوەی لە جەزایر هاتمەوە، ئەو شیعرانە، بڵێین دیوانەکەم! خستە بن دەستم و بردمن بۆ چاپخانەی ڕۆژی نوێ، یان چاپخانەی کامەرانی بوو نازانم، بە هەڵکەوت مامۆستا کامەران موکری لەوێ بوو.

**سەرنج:**

(١) ڕاستەوخۆ ئەو گفتوگۆیەم لەگەڵی تۆمار کردووە و دەنگەکەی لە ئەرشیڤماندا هەیە، لە زۆر شوێن ناوی کەسەکان و قسە توند و بیروڕا ڕاشکاوەکانیم لابردووە.

(٢) پێشەکییەکەی بۆم نووسیبوو زۆر درێژ بوو، بۆیە کورتم کردەوە، دواتر لەگەڵ هەموو گفتوگۆکە لە کتێبێکدا چاپی دەکەین.

**(ڕامان)**